# The notion of constitutional justice in federal systems

**Mohammed Kareem Haji[1], Soran Ali Hassan[2]**
[1]Kurdistan Bar Association, [2]Presidency of the Kurdistan Region of Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2582.11*

*Published: 10/08/2025*

## *Abstract*

*The history of the notion of justice dates back to ancient civilizations, but the concept of constitutional justice in the modern era holds great importance, because the written constitution is considered the foundation for determining the availability of rights. Therefore, constitutional legislators strive for completeness in making the constitution an instrument for providing this concept. The importance of this research lies in revealing the concept of constitutional justice, as well as its important position in the federal system, because constitutional justice is related to a distant and broad objective. For this purpose, we have relied on the analytical method to analyze the thoughts and opinions of constitutional jurisprudence and constitutional texts, with the aim of determining the concept of constitutional justice and its position in emergence within the federal system, whereby the constitution embodies that higher objective of justice within itself and demonstrates that it is more general and broader than the objective of justice in ordinary laws. It also shows that the constitutional legislator is the foremost designer of justice within the constitution, and that the constitutional court is not the sole implementer of constitutional justice. Thus, constitutional justice is not merely an institution, but rather a process for welfare in society, particularly in the role it plays in federal systems.*

***Keyword**: Constitutional justice, constitutional court, constitution, federal, rights and freedoms, constitutional legislator*

# بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری لە سیستەمی فیدراڵیدا

**محمد کریم حاجی**
قوتابیی ماستەر لە یاسای گشتی/بەشی یاسا/ فاکەڵتیی
یاسا و زانستە سیاسییەکان بەڕێوەبردن/ زانکۆی
سۆران/ حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق
muhamadkarem38@gmail.com

**پ. ی. د. سۆران علی حسن**
سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان – عێراق
Soran.hassan@soran.edu.iq

پوختە

مێژووی بیرۆکەی دادپەروەری، دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتە کۆنەکان، بەڵام بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری لە سەردەمی نوێدا، گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی دەستووری نووسراو بە بنەمای دیاری فەراهەمبوونی هەژماردەکرێت، هەربۆیە یاسادانەرانی دەستووری لە هەوڵی تەواوەتی ئەوەدان، کە بتوانن دەستوور بکەنە ئامرازێک بۆ فەراهەمکردنی ئەو چەمکە، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری، هاوکات لەگەڵ پێگە گرنگەکەی لە سیستەمی فیدراڵیدا، لەبەرئەوەی دادپەروەریی دەستووری پەیوەندارە بە ئامانجێکی دوور و فراوان، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمانبەستوە بە میتۆدی شیکاری، بۆ شیکردنەوەی بیرورا، بۆچوونەکانی فیقهی دەستوری، دەقی دەستووری، بە ئامانجی دیاریکردنی بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری و پێگەی لە هاتنەدی لە سیستەمی فیدراڵیدا، کە بەهۆیەوە دەستوور ئەو ئامانجە باڵایەی دادپەروەری لە خودی خۆیدا بەرجەستە بکات و وای دەربخات کە گشتیتر و فراوانترە لە ئامانجی دادپەروەری لە یاسا ئاساییەکاندا، هەروەها دەریبخات کە یاسادانەری دەستووری لە پێشتر و داڕێژەری دادپەروەری ناو دەستوورە، هەروەها دادگای دەستووری بە تەنها بەدیهێنەری دادپەروەریی دەستووری نیە، بەمەش دادپەروەریی دەستووری تەنها دامەزراوەیەک نیە، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتیش لەو ڕۆڵەی لە سیستەمە فیدراڵیەکاندا هەیەتی.

وشە سەرەکیەکان: دادپەروەریی دەستووری، دادگای دەستووری، دەستوور، سیستەمی فیدراڵی، ماف و ئازادیەکان، یاسادانەری دەستووری .

١ .پێشەکی:

بیرۆکەی دادپەروەری؛ مێژوویەکی دووردرێژ و ئاڵۆزی هەیە، کە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندوە، چەمکەکە بۆ شارستانیەتە کۆنەکانی وەک میسری کۆن و میزۆپۆتامیا و یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، فەیلەسوفانی وەک (ئەفلاتون و ئەرستۆ...) مشتومڕیان لە سەر بنەماکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا کردوە و باسیان لە پرسەکانی وەک یەکسانی، دادپەروەریی دابەشکردن و ڕۆڵی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی کردوە.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سیستەمە سیاسیە پەیڕەوکراوەکان لە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتاندا و گۆڕانی نەریتە دەستوریەکان بۆ دەستووری نووسراو، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە ئاخۆ دەستوور وەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی جێگای باسی ڕێککەوتنی باڵایە لە وڵاتدا، چۆن دەتوانێت دادپەروەریەک بێنێتەدی، کە پەیوەست بێت بەو ڕێککەوتنە گشتیەی کە دەستووری لە سەر بنیاتنراوە، هەربۆیە یاسادانەرانی دەستووری لە هەوڵی تەواوەتی ئەوەدان، کە بتوانن دەستوور بکەنە ئامرازێکی فەراهەمکردنی دادپەروەری، لەگەڵ ئەوەشدا، وڵاتانی فیدراڵی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی سادەدا گرفتی زۆرتریان هەیە، لەوەی چۆن بتوانرێت دادپەروەریەکی دەستووری ئەزموونبکەن لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و پێکهێنەرەکانیدا، جگە دادپەروەری ڕاگرتن لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و زمان و تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا.

١.١ گرنگی تویژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری، هەروەها ئەو پێگە گرنگەی لە سیستەمی فیدراڵیدا دەیبینێت، لەبەرئەوەی دادپەروەریی دەستووری پەیوەندارە بە ئامانجێکی دوورتر و فراوانتر لە دادپەروەریی یاساکاندا، بۆیە لێرەدا سیستەمە فیدراڵیەکان لەبەر شێوازی دابەشکاری لە دەسەڵاتە دەستوریەکان پرسەکە گرنگی زیاتر و وردی زیاتری دەوێت، بۆیە بە هەبوونی بنەماکانی دادپەروەری و ئامرازەکانی لە دەستووردا و هۆشیاریی سیاسی لە بەرامبەریدا، وادەکات کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر لە ڕووی دامەزراوەیی و خۆشگوزەران لە ڕووی تاکەوە بەدیبهێنرێت، لەگەڵ ئەوەی دەرخەری باڵایی دەستووریشە، هەروەها یەکێکە لەو بابەتانەی لە سەردەمی ئێستادا، لە ناو دەستوورەکاندایە؛ بۆیە بە هەبوونی دادپەروەریی دەستووری دەسەڵاتەکان بە شێوازیکی ڕێکخراو دابەشدەکرێن و دادگا چاودێری دەخاتەسەر کارەکان.

١.٢ کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەمە دەبینێتەوە، کە بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری، بۆ هاتنەدیی پەیوەستکراوە بە هەبوونی دادگای دەستووری، کەچی بوونی دادگای دەستووری ڕەنگە بەشێوازێک نەک گەرەنتی هاتنەدی دادپەروەریی دەستووری نەکات، بەڵکو بە سیاسی بکرێت و سەربەخۆیی خۆی لەدەستبدات، بۆیە بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری کێشەکەی لەوەدایە، هەر تەنها دادگای دەستووری ناگرێتەوە، بەڵکو لای یاسادانەری دەستووری دەبێت بنەڕەتی دادپەروەریەکە دیاریبکرێت و ببێتە بنەمایەک بۆ ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکان لە سیستەمی فیدراڵیدا، لە ئەنجامدا کێشەی فراوانکردنی بازنەی دادپەروەریی دەستووری جێگای باسی توێژینەوەمان دەبێت بە دەربازکردنی لە قەتیسبوونی لە دادگای دەستوریدا

١.٣ پرسیارەکانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا؛ پرسیارەکانی توێژینەوە خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە :

١. ئایا چەمکی دادپەروەریی دەستووری چییە و جیاوازی لەگەڵ چەمکە هاوشێوەکانی چییە؟

٢. ئایا ڕایەڵەکانی دادپەروەریی دەستووری چین؟

٣. دادپەروەریی دەستووری لە سیستەمی فیدراڵیدا لە چی پێگەیەکدایە؟

١.٤ ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەویە بریتییە لە گەڕان و دیاریکردنی بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری لە سیستەمی فیدراڵیدا، کە بەهۆیەوە دەستوور ئەو ئامانجە باڵایەی دادپەروەری خۆی دەربخات کە گشتیتر و فراوانترە لە ئامانجی دادپەروەریی یاساکاندا، هەروەها لە پێشتریش لە دادگای دەستووری بۆ هاتنەدی دادپەروەریی دەستووری، هەروەها ئەو پێگەیەی کە هەیەتی لە هاتنەدیی لە سیستەمی فیدراڵیدا، بۆیە ئامانجمانە گرنگی و ڕۆڵی ئەم بیرۆکەیە دەربخەین لە ناو دەستووری وڵاتانی فیدراڵیدا، بە هۆی بوونی دەزگای چاودێری و پەیڕەوکردنی دەقەکانی ناو دەستوور، لە سیستەمی فیدراڵیدا .

١.٥ میتۆدی توێژینەوە:

نکۆڵی ناکرێت لەوەی هەر توێژینەویەکی زانستی لایەنی کەم پێویستی بە بەکارهێنانی میتۆدێک هەیە، بۆ گەشتن بە چارەسەری کێشەکان و ئامانجەکەی، هەربۆیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پشتمانبەستوە بە میتۆدی شیکاری و ڕەخنەیی، بۆ شیکردنەوەی بۆچوون و دیدە جیاوازەکانی فیقهی دەستوری و دەقە دەستووریەکان و خستنەڕووی بە دیدێکی ڕەخنەییانە .

١.٦ پلانی توێژینەوە:

لەم توێژینەویەدا پشتبەستراوە بە شێوازی دابەشکاری ژمارەیی، بە شێوەیەکی زنجیرەیی هەریەک لە: پێشەکی، ناساندنی چەمک و واتای دادپەروەریی دەستووری، ڕایەڵەکانی دادپەروەریی دەستووری، هەروەها پێگەی دادپەروەریی دەستوری لە سیستەمە فیدرالیەکاندا گەنگەشە دەکەین.

## ٢ چەمکی دادپەروەریی دەستووری

بە گشتی بیرۆکەی دادپەروەری؛ لە فەلسەفەکانی ئاکار، سیاسی و مافدا بابەتێکی سەرەکی و ڕیشەییە، بە درێژایی مێژوو، چ لەناو ئایینە کۆنەکاندا، چ لە ناو فەیلەسووفەکانی سەردەمە جیاوازەکاندا، بنەمای یەکەم و ڕەندێتی(الفضیلة)بووە بۆ کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ، هەر لەبەرئەوەیە (ئەفلاتوون) وەک یەکەم فەیلەسووفی کۆنی یۆنانی لە کتێبی (کۆمار)دا، باسی فەزیلەتی دادپەروەری دەکات لە دەوڵەتە نمونەییەکەیدا، وەک لەپێشترین فەزیلەت؛ کە دژی ستەمە و مافخورانە(Plato, 2013, 287؛ الشاوي، ٢٠١٦، ٩)، (ئەرستۆ) لە کتێبی (نیکۆماوخۆسدا) بە سوودوەرگرتن لە بیروڕاکانی(ئەفلاتوون)، باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات، کە جیاوازی لە نێوان دادپەروەریی دابەشکاری(العدالة التوزیعیة) دەکات، کە بریتییە لە پێدانی ماف بە خاوەن مافەکاندا، هەروەها دادپەروەریی چاککردنەوە(العدالة التصحیحیة)، کە لە میانەیدا باس لە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان دەکات لە ئەنجامی ئەشکەنجە و ستەمی ئەوانیتردا، بۆیەش ناویدەنێت گەڕاندنەوەی هاوسەنگی(إعادة التوازن))ارسطوطالیس، ١٩٢٤، ٦٢؛ Perelman,1980, 88).

دوای ئەوەی ئایینی مەسیحی و لە دوایشدا ئایینی ئیسلام پەیدادەبن، فەیلەسووفی مەسیحی (ئۆگستن) و فەیلەسووفی موسلمان (فارابی)؛ هەریەکەیان بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی یۆنانی و هەبوونی بیروباوەری ئایینی، شارێکی نمونەیی داوادەکەن، کە دادپەروەری دەکەنە بنەمای شارەکە بۆ خۆشبەختی دانیشتوانەکە، تاوەکو بیانگەیەنێتە سەرووی لایەنی دنیایی، (زمال، ٢٠١٨، ٣١-٣٢). ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا و ئەمریکادا، هەروەها گۆڕانی سیستەمی کەنیسەیی بۆ سیکۆلاریزم؛ چوونی وڵاتان بەرەو دەستووری نووسراو، بیرۆکەی دادپەروەریی زیاتر بەرچاودەکەوێت، چ لە ئاستی قوتابخانە فەلسەفیەکان، چ بە گشتی لە ناو تاکەکاندا(الحسن، سلیم و محسن، ٢٠١٩، ٤٢٣)، هەربۆیە ئەم بناغە فەلسەفیە وادەکات لەگەڵ پەیدابوونی دەستووری نووسراودا، دادپەروەریی دەستووریش بکاتە بابەتێکی گرنگی ناو فەلسەفە و بواری یاسای دەستووری، کە لەم بەشەدا دەیناناسێنین.

لێرەدا چەمکی دادپەروەریی دەستووری لە سێ تەوەر باس دەکەین، لە تەوەری یەکەم واتای دادپەروەریی دەستووری لە ڕووی زمانەوانی، هەروەها لە تەوەری دووەمدا واتای دادپەروەریی دەستووری لە ڕووی

زاراوەیی دەخەینەڕوو. تەوەری سێیەم، تەرخاندەکەین بۆ جیاوازیی دادپەروەریی دەستووری لەگەڵ هەریەکە لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی گواستنەوەیی.

## ٢.١ واتای دادپەروەریی دەستووری لە ڕووی زمانەوانی

دادپەروەریی دەستووری؛ لە دوو وشە پێکهاتوە، کە وشەکانی (دادپەروەری) و(دەستووری)یە. لە ڕووی زمانەوانیەوە دادپەروەری) العدالة (Justice –بەواتای پێدانی ماف یان هاوسەنگکردن دێت، کە دژی ستەم و نادادییە، لە بنچینەدا لە (ع-د-ل)ی زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە، کاتێک دەڵێن فلان فەرمانڕەوا دادپەروەرە (ابن منظور، ١٩٩٠، ٤٣٠-٤٣١)، هەروەها بەواتای ڕاستگۆی و دەسەڵاتی فیدراڵی دێت(الجرجاني، ٢٠٠٤، ١٢٤)، هەروەها لە زمانی کوردیش، وشەی دادپەروەری بە کارهاتوە، کە دژی ستەمە، کردنی حوکمێکی ڕەوایە (هەژار، ١٩٧٠، ٢٧٧). لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەمە وشەی (Justice) بەکارهاتوە. بەواتای سیستەمی دادپەروەری و جێبەجێکردنی یاسا دێت(Oxford English Dictionary, 2023)، وشەی justice لە وشەی iustitia ی لاتینیەوە هاتوە، کە لە iustus (ڕاست، دروست) وەرگیراوە، ئەم وشەیە لە سەدەکانی ١٢-١٣ی زایینیدا لە ڕێگەی زمانی فەرەنسی کۆنەوە (Anglo-French) هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە.(Harper, 2024)

هەرچی وشەی دەستوورە) الدستور(Constitution –، لە بنەچەدا وشەیەکی فارسیە، بە واتای ئەو دەفتەرەیە، کە ناوی سەربازەکانی تێدا نووسراوە، پێی دەوترێت کۆکەرەوەی ڕێساکانی فەرمانڕەوایەتیکردن، لێکدراوی وشەی "دست" کە بە واتای ڕێسا و وشەی "ور"، کە بە واتای هاوەڵ دێت، لە زمانی تورکییەوە گواستراوەتەوە بۆ زمانی عەرەبی، بە واتای (یاسا، مۆڵەت) پاشان بەکارهێنانی پەرەیسەند تا ناوی لێنرا (یاسای بنەڕەتی وڵات) (السديري، ١٤٢٥، ٣٣)، هەروەها (دەست) لە زمانی فاسیدا بە واتای دەسەڵاتیش هاتوە، (ور) بە واتای خاوەن، بەم پێیە دەبێتە خاوەن دەسەڵات(میراودەلی، ٢٠٢١، ٤٣).

کەواتە پێکەوە (دادپەروەریی دەستووری) بە واتای دادپەروەرییەک دێت، کە لە لایەن دەستوور و دامەزراوە پارێزەرییەکانی دێتەبوون، بە واتایەکی دیکە ویستنی چاکەی گشتی و تایبەتی لە ڕێگای دەسەڵاتەوە(خميس، ٢٠٢٤، ٥٤٠) .

## ٢.٢ واتای دادپەروەریی دەستووری لە ڕووی زاراوەیی

لەبەر گرنگی دادگای دەستووری بۆ هێنانەدی دادپەروەریی دەستووری (العدالة الدستورية)، زۆرێک لە زانا و لێکۆڵەرانی دەستووری کاتێک باسی دادپەروەریی دەستووری دەکەن، ڕاستەوخۆ ناوی دادگای دەستووری دەهێنن، وەک گرەنتییەک بۆ هاتنەدی، لێرەوە دەردەکەوێت کە چۆن سیستەمی دادوەری لە وڵاتدا لە ڕێگەی

چاودێری وادەکات هەموو کارێک بە شێوەی دەستووری ڕێچکەی دروستی خۆی بگرێت، لە کاتی نەگونجان لەگەڵ دەستوور و پێچەوانبوونی بە نادادپەروەرانەش هەژماربکرێت.

بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکی سیاسی و ڕەهەندێکی دەستووری؛ لەبارەی ڕەهەندی سیاسی، لەوەدایە میکانیزمی گەیشتن بە دادپەروەریی دەستووری، لە بنەڕەتدا میکانیزمێکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسیدا، و ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیە هەبووەکانی نێوان دامەزراوەکان بەپێی ڕێککار و ڕێسا تایبەتەکان. ڕەهەندی دەستووری لە سروشتی دامەزراوەییدایە کە دادپەروەریی دەستووری لە چوارچێوەیدا پراکتیزە دەکرێت، و کامیان لە لایەن ئەو دامەزراوە یان ئامرازە دادوەرییەوە بەرجەستە دەکرێت، کە ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە(اكنكو، ٢٠٢٤، ٣٤٩).

کەواتە گەر مەبەست لە دادپەروەری هاوسەنگی بێت، ئەی هاوسەنگی چی دەگەیەنێت؟ لێرەدا ئەوەی مەبەست لە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانە، وەک ڕێسایەکی گشتی، ئەوەیە کە هاوسەنگی لە دەسەڵاتدایە، ئەمەش لەبەرئەوەیە هەر دەسەڵاتێک، چەند میکانیزمێکی هەیە، دەتوانێت کاریگەری لە سەر دەسەڵاتەکەی تر هەبێت، بەڵام ئەم هاوسەنگیە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئەمەش ئەوەیە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری هەیانە، هەروەها شێوازی بەکارهێنانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتردا بە دیاربخرێن، کە تا چەند ڕەهایی یان نەرمی لە نێوان کارەکانیاندا هەیە(العزيز و القادر، ٢٠٢٢، ٣١٤)، هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێم یەکێکی ترە، لەو تایبەتمەندیانەی کە تایبەتمەندە بەو وڵاتانەی کە سیستمێکی فیدراڵی دەگرنەبەر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەستوور گەرەنتی دامەزراندن و پاراستنی بیرۆکەی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەکات، هەروەها پاراستنی لە ئەگەری هەر هێرشێک بۆ سەری لە لایەن دەسەڵاتێکەوە بەرەو دەسەڵاتێکی دیکە، بەو پێیەی دەستوور یەکێکە لە گرنگترین گەرەنتیەکانی دامەزراندنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان لە وڵاتدا، هاوسەنگی یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دیموکراسی، پرەنسیپی هاوسەنگی بە درێژکراوەی تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دادەنرێت، بەو پێیەی ئەم پرەنسیپە لە دەستووری وڵاتاندا وەک پێوەرێک بۆ گەشەپێدانی دەوڵەت و دیموکراسی پەسەندکراوە، هەروەها دەرکەوتنی لە سێ دەسەڵاتی گشتیدا: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، بەپێی بنەما دەستووریەکان لە سەر بنەمای هاوسەنگی دەستوری، هەروەها هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان، کە هەردووکیان سوود لە ڕادەی کاریگەری لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانیان وەربگرن بەبێ ئەوەی یەکێکیان دەستوەردان بکات بۆ مومارەسەی دەسەڵاتەکانی لە سەر حیسابی ئەویتر یان زاڵبوون بەسەریدا

ئەمەش بە سەربەخۆیی خۆیان لە یەکتر و چاودێریکردنی هەریەکەیان بەدەستدێت(الخزرجي، ٢٠٢٢، ١١٠)، کەواتە واتای هاوسەنگی بە گشتی بۆ نێوانی سێ دەسەڵاتەکەی وڵاتانە، بەڵام لە سیستەمی فیدراڵیدا لە نێوان دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکانیش دەردەکەوێت.

تا ئێستا ناشێت بڵێین پێناسەیەکی یاسایی یاخود دادوەری بۆ چەمکی دادپەروەریی دەستووری کراوە، هەموو ئەوەی هەیە، بریتییە لە پێناسە و تێگەشتنی زانایان بۆی، دادپەروەریی دەستووری وەک بیرۆکەیەک سەرچاوەی تیۆری خۆی لە بیرمەندی یاسایی نەمساوی (هانس کلسن) دەبینێتەوە، کە پێی وایە: دادپەروەریی دەستووری گەرەنتی دادوەریی (قضائی) دەستوورییە، نوێنەرایەتی ڕەگەزێک دەکات لە سیستەمێکدا، کە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تەکنیکی لەخۆدەگرێت، ئامانجەکەی مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنێکی ڕێکوپێکی ئەرکەکانی دەوڵەتە (عزیز، ٢٠٢٣، ٩)، هەروەها میشێل فرۆمۆن بەم شێوەیە پێناسە دادپەروەریی دەستووری دەکات: "کۆمەڵێک تەکنیک و دامەزراوە کە چاودێری پەیوەندی حکومەت لەگەڵ پەرلەمان دەکەن بە ئامانجی پاراستنی ماف و ئازادییەکان"(مریم، ٢٠١٤، ١٣)، پێناسەکەی فرۆمۆ تیشک دەخاتەسەر چاودێریکردنی ئەو دامەزراوەیەی دادپەروەری دەستووری مسۆگەر دەکات، بۆئەوەی بتوانێت ماف و ئازادییەکانی تاکەکان زامن بکات، کاتێک کە هەموو ماف، ئازدی و دەسەڵاتەکان بەرمەبنای دەستووربوون و دامەزراوەکان بوونە پارێزەر بۆ لانەدان لێی، دادپەروەریی دەستووری دێتەدی.

هەروەها فرانسیس هامۆن پێی وایە: دادپەروەریی دەستووری دامەزراوەیەکە دەستووری پێی سپێردراوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی پەیوەست بە جێبەجێکردن یان لێکدانەوەی دەقێک، کە بەهای دەستووری هەیە(البیاتی،٢٠٢٢، ٤٨٤)، هەروەها دۆمینک ڕۆسۆ پێی وایە، کەوا دامەزراوەیەکە دیاریکراوە بۆئەوەی هەڵبستێت بە ئەرکی چاودێری و سزادان بۆ کارێکی نادەستووری، بە تایبەت کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران(عزیز، ٢٠٢٣، ٩)، وەک چەمکێک دوو لایەنی پێدەدرێت؛ لایەنی ڕواڵەتی: کە خۆی لە بوونی دادگایەک یان دامەزراوەیەک دەبینێتەوە، هەروەها لایەنی بابەتی: کە خۆی لە چالاکی دامەزراوەکە دەبینێتەوە، دادپەروەریی دەستووری فەراهەمدەکەن(مریم، ٢٠١٤، ١٣) جگە لەم زانایانە، کەسانی تریش هاوشێوەی ئەوان باسیان لە دادپەروەریی دەستووری کردوە، بەڵام هاوواتایان کردوە لەگەڵ قەزای دەستووری، کە بە نەبوونی دادپەروەریی دەستووری گرفتی بۆ دروست دەبێت، بە جۆرێک چاودێری لە سەر یاساکان ناکرێت و ئەرکی ڕاڤەکاری پەکدەخرێت، لە بەرامبەریشیدا شکۆی دەستوور نامێنێت.

بە نەبوونی دادگای دەستووری هیچ واتایەک بۆ دادپەروەریی دەستووری نامێنێتەوە، بۆیە دەبێت بوونی هەبێت بۆئەوەی پارێزگاری لە خراپ بەکارنەهێنانی دەسەڵات بکات و ماف و ئازادییەکانیش بپارێزی لە هەمبەر دەسەڵاتدا، هەروەها کارەکانی ئەم دادگایەش جیاوازە لە دادگای ئاسایی(کریم،٢٠١٩، ١٣٣).

راستە قەزای دەستووری ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە هاتنەدیی دادپەروەریی دەستووری، بەڵام ئەمە دوای ئەوەیە، کە یاسادانەری دەستووری ڕۆڵی تەواوبووە لە جێگیرکردنی بنەما و رایەڵە و پێویستیەکانی هێنانەدی و فەراهەمکردنی دادپەروەری دەستوریی، ئەمە لە کاتێکدا باسی ئەوە نەکراوە، چۆن یاسادانەری دەستووری ڕۆڵی هەیە وەک دارێژەری ئامانجی دەستوور کە دادپەروەرییە و نەهێڵێت لە رووی تیۆرییەوە بوار بڕەخسێت، کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ڕووبدات و لە بنەڕەتدا ڕەچاوی ماف و ئازادییەکان بکرێت. جگە لەوەی ئەگەر دەستوور بە تەنها دامەزراوەیەک بسپێرین، گرەنتی بوونی ڕاستڕۆیی کارێکی سەختە، بۆیە لە پاڵ ئەمە دەکرێت بگوترێت بە تەنها دامەزراوەیەک نیە، کە ئەرکی هێنانەدی دادپەروەریی دەستووری لەئەستۆبگرێت، هەر لەبەرئەمە بەشێک لە زانایان پێیان وایە، بە تەنها ناوهێنانی دادگای دەستووری بۆ پاراستنی شکۆی دەستوور بابەتەکە بە کۆتایی گەیشتن و بە ئامانج ناگەیەنێت، چۆن پەرلەمان کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات دەبێتە سەرپێچیکاری دەستوور، ئاوهاش ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، کە دادگای دەستووری ببێتە هۆکار، لەبەرئەو بوونیەتە سیاسیەی کە هەیەتی، بۆیە دەڵێن چەکێکی دوو سەرەیە، دەکرێت بە هەردووکیان بەکاربێت(ناصر، ٢٠٢١)، ئەمەش وادەریدەخات، بە تەنها وابەستەبوون بە قەزای دەستووری، مەترسی لە سەر واتای دادپەروەریی دەستووری دروستدەکات.

لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەیەکی فەلسەفی تریش دێتەکایەوە، کە چۆن دادپەروەریی دەستووری، لە بەرامبەر ستەم ناتوانێت بووەستێت، لەبەر سنووردارببوونی دەستوور، کە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت: "دادپەروەریی دەستوری بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەوەی کە دەسەڵاتی حکومەت بە دەستوور سنوورداره، ڕێکاریی دارێژراو و دامەزراو بۆ جێبەجێکردنی ئەو سنووردارکردنە دروستکراون "(Cappelletti, 1985, 4) ئەم دیدە دەچێتەوە سەر قوتابخانە سروشتیەکانی فەلسەفەی یاسا، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی ئەمڕۆدا خۆی دەبینێتەوە لە واقیع یاسای دانراوە (وضعی)، لە ئاستێکی نموونەیی (مثالی) نەماوە .

کەواتە، لە هەموو ئەوانەی، کە پێشتر باسیانکردوە، دەردەکەوێت. چەمکی دادپەروەریی دەستووری نوێیە بە ڕووی زانایان و بیری یاسایی، هەروەها پێناسەیەکی تەواوەتی و یەکانەشیان بۆی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانە کە ئاماژەمان پێداون لە دید و بۆچوون و ئاراستەی هزری جیاواز، زۆرێک لە زاناکان وای بۆ دەچن؛ کە ناکرێت

باسی دادپەروەریی دەستووری بکەین بەبێ باسکردن لە دادگای دەستووری، لەبەرئەوەی دادگای دەستووری وەک گەرەنتی چارەسەری کێشەکان دادەندرێت(Figueroa, 2010, 8)، لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان بۆ ئەوە دەچن دادپەروەریی دەستووری ناکرێت کورتبکرێتەوە لە یەک دامەزراوە، کە بیرۆکەیەکە دەبێت لە ناو هزری هەر یاسادانەرێکی دەستووری بوونی هەبێت، هەروەها تەنها لایەنێکی بابەتی گرنگە، بۆیە دەتوانین بڵێین دادپەروەریی دەستووری: بریتییە لە سیستەمێک کە بەکاردێت بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور و جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی یەکسان و ویژدانیانە، بە هۆی ئەو دەقە دەستوورییانەی کە یاسادانەری دەستووری دایناون و دیاریکردوون، هەروەها ئەم پرۆسەیەش لە دەق، بنەما دەستوریەکان و دامەزراوەکان پێکدێت، بە گرنگی کارەکانیانەوە؛ واتا لە بنەما دەست پێدەکات و بە دامەزراوەی گەرەنتیکار کۆتایی پێدێت.

هەڵبەتە، لێرەدا دەرخەری ئەوەیە، کە دادپەروەریی دەستووری وەک بیرۆکەیەک فراوانترە لە دادگای دەستووری، ئەوەش بۆ زانستی دەستووری زیاددەکات، کە لە بیرۆکەوە بووەتە بابەتێکی ناو دەستوورەکان و لەو چەمکە تێدەپەڕێت، کە تەنها باسی ئامرازێکی گەرەنتیکاربکات، وەک دادگای دەستووری.

٢.٣ جیاوازی دادپەروەریی دەستووری لە چەمکە هاوشێوەکانی (لێکچووەکانی)

جیاوازی دادپەروەریی دەستووری لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی گواستنەوەیی گرنگی زۆر زیاتر دەدات بە ڕوونبوونی چەمکی دادپەروەریی دەستووری و خوێنەر دەتوانێت چاکتر لێی حاڵیبێت، بۆیە لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە و جیاوازی دەناقبەریان دەکەین.

٢.٣.١ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕووی چەمکەوە فراوانە و پەیوەندی بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان و دەرفەتەکان لە کۆمەڵگادا هەیە، کە زیاتر بە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەستە، نەک تەنها چوارچێوەیەکی یاسایی، بۆیە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی دەدات لە کۆمەڵگەدا و پێداگری لە سەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، دەرفەتەکان و دەسەڵات دەکات، هەروەها دەتوانێت لە دەرەوەی سیستەمی یاسایی ڕەسمی کار بکات(محمود، ٢٠١٤، ١٦؛ راولز، ٢٠٠١، ١٢)، لەگەڵ پەیدابوونی فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا و گۆڕانی سیستەمی کەنیسەیی بۆ سیکۆلاریزم؛ بیرۆکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی زیاتر بەرچاودەکەوێت، چ لە ئاستی قوتابخانە فەلسەفیەکان بێت، چ بە گشتی لە ناو تاکەکاندا، دیارترینیشیان فەیلەسووفانی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) کە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووە لە شۆڕشی فەرەنسی و دامەزراندنی فەلسەفەی سیاسی نوێ بۆ

بنیاتنانی دەولەتێکی دامەزراوەیی دادخواز، کە بەرگری لە هاتنەدیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات(الحسن، سلیم و محسن، ٢٠١٩، ٤٢٣).

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لای مارکسیەکان، لە نەمانی چینایەتی و نەبوونی دەسەڵاتی تایبەتی دەبێنرێتەوە، هەروەها دابەشکاری بە شێوازیکی یەکسان بکرێت(الشاوی، ٢٠١٦، ٨٧)، هەرچی فەلەسەفەی لیبرالیە؛ دەیەوێت سیستەمێکی دیموکراسی ئازادیخواز بۆ تاکەکان دروستبێت، کە تاک بکاتە بابەت نەوەک گروپ(زمال، ٢٠١٨، ٩٤)، هەروەها فەیلەسوفی دادپەروەریی سەدەی بیستەم (جۆن راوڵز)؛ ناکرێت باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکرێت بەبێ ئاماژەکردن و خۆبواردن لێی، بە سوودوەرگرتن لە فەیلەسوفانی وەک (کانت و ڕۆسۆ... هتد)، چەمکی نوێی ڕیشەیی پێناسە دەکات بۆ پەیدابوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرنگترینیان چەمکی پەردەی بێئاگاییە (Veil of ignorance) و دەڵێت، ئەگەر لە پشت پەردەیەک دابەشکاری بکرێت، کە کەس نەزانێت کامە مافی ئەوە، ئیدی ناتوانێت مافی زیاتر بۆخۆی دابنێت، ئەمەش وا دەکات هەر تاکێک بگاتە مافێکی دادوەرانەی.(Rawls, 1971, 118)

کەواتە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ڕێگەی ئەوەوە یەکسانی لە نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەدیدێت، لە ڕووی یەکسانی لە هەلی کار، دابەشکردنی سامان، ئیمتیازات، مافە سیاسیەکان، هەلی خوێندن، چاودێری تەندروستی... هتد، بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ئایین و ئاستی ئابووری، چێژ لە ژیانێکی شایستە وەردەگرن.

٢.٣.٢ دادپەروەریی گواستنەوەیی (الانتقالي)

دادپەروەریی گواستنەوەیی پەیوەندی بە قۆناغی گواستنەوە لە دۆخی ناسەقامگیر، شەڕ، یان ڕژێمی سەرکوتکارەوە بۆ دیموکراسی و ئاشتی هەیە، باس لە دوای شەڕ، کۆمەڵکوژی، دیکتاتۆری یان پێشێلکاری بەرفراوانی مافی مرۆڤ دەکات، چەند ئامرازێک لەخۆدەگرێت بۆ قەرەبووکردنەوە و چاکسازی، ئامانجەکانی چارەسەرکردنی برینەکانی کۆمەڵگە، دانپێدانانە بە قوربانیان، هەروەها بنیاتنانی متمانەیە بۆ داهاتوو، لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵی گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخی توندوتیژی و پێشێلکاریەوە بۆ ئاشتی و سەقامگیری (Greiff and Duthie, 2009,33)، هەروەها دەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: ئەو پرۆسە ئاشتەواییەیە، کە کۆمەڵگەی گۆڕاو هەوڵدەدات بەدەستیبهێنێت بە خۆگونجاندن لەگەڵ دادپەروەری و دامەزراندنی دەوڵەتێک لە ماف و یاسا، بە شێوەیەک کە دان بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤدا بنێت، کە پەیوەندیان بە سیستەمەکانەوە هەیە و بەرپرسیارانە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات(حسن و عبدالرضا، ٢٠٢٠، ١٢١)، لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە

ئەم چەمکە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک گۆڕاوە بنەڕەتیەکانەوە، کە بریتین لەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە پرۆسەی گواستنەوەدان، چ لە شەڕی چەکداریی یان خەباتەوە بۆ ئاشتی، یاخود لە حوکمڕانی تاکڕەویەوە بۆ حوکمڕانی دیموکراسی، واتا بڕیارە کۆمەڵگا لە بارێکی نەرێنی بۆ بارێکی ئەرێنی بگۆڕێت و ڕزگاری ببێت، بەبێ گوێدانە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ئەم گواستنەوەیە، هەروەها پێشێلکاری مافی مرۆڤ هەیە، کە لە لایەن ڕژێمەکانەوە بەرامبەر هاونیشتمانیان ئەنجامدەدرێت، ئەمەش پێویستی بە دەستێوەردان هەیە بۆ لابردنی کاریگەریەکانی ئەو پێشێلکاریانە و ڕێگریکردن لەوانەی بەشدارن لە پێناو گەیشتن بە چەمکی دەوڵەتی یاسا (ANDERLINI, CONAWAY AND LISA KAYS, 2005, 5)، کە ڕەنگدانەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسیە لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و یاسا و گەیشتن بە پرەنسیپی چەمکی دادپەروەری لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

کەواتە، جیاوازیە سەرەکیەکانی نێوان ئەم سێ دادپەروەریە لەوەدایە کە، دادپەروەریی دەستووری فەرمی و یاساییە، کەچی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فراوانترە، هەروەها ئابووری و کۆمەڵایەتیە. دادپەروەریی گواستنەوەیی لەوەیە، کە کاتیيە و قۆناغێکی تایبەتی مێژوویی چارەسەر دەکات، لە ڕووی میکانیزمەوە، دادپەروەریی دەستووری لە ڕێگەی دەستوور، دامەزراوە و دادگاکانیەوەیە، کەچی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سیاسەت و یاسای کۆمەڵایەتیەوەیە، هەروەها دادپەروەریی گواستنەوەیی ڕێککارە تایبەتەکان بەکاردێنێت، وەک لیژنەکان. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت جیاوازی لە نێوان هەر یەکە لە چەمکەکان هەیە، بەڵام بەو واتایەش نا، کە هاوبەشیان نیە، لە ئامانجە دوورمەوداکەیان خۆشگوزەرانیە بۆ کۆمەڵگە.

## ٣ ڕایەڵەکانی دادپەروەری دەستووری

لەم باسەدا دەپرژێینە سەر ئەو بنچینە و خاڵانەی، کە بەبێ بوونیان، ناشێت دادپەروەریی دەستووری بوونی هەبێت. لە ئەنجامی خوێندنەوەیان، ئەم خاڵانە وەک ڕایەڵە هەڵدەهێنجرێن، هەر بۆیەش دابەشیان دەکەین بە سەر چوار جۆر، هەر یەکەیان لە تەوەرەیەک باس دەکەین. لە تەوەرەی یەکەمدا بوونی دەستوورێکی ڕەق، لە تەوەرەی دووەمدا بوونی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە تەوەرەی سێیەمدا باسی ڕێکخستنی دەستووریی بۆ ماف و ئازادییەکان دەکەین، هەروەها لە کۆتا تەوەرەشدا باسی بوونی دادگایەکی دەستووری دەکەین.

### ٣.١ بوونی دەستوورێکی ڕەق

دەستووری ڕەق؛ ئەو جۆرە دەستوورەیە کە پێویستی بە ڕێککاری ئاڵۆز یان قورس هەیە بۆ هەمووارکردنەوەی بڕگەکانی لە چاو ئەو ڕێککارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی یاسا ئاساییەکان بەکاردەهێنرێن. ئەم ڕێککارانەش لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی دیکە جیاوازن، ئەم ڕەقیە کە تایبەتمەندی جۆرێک لە ڕێسا دەستووریەکانە و

جۆرێک لە پتەوی و سەقامگیریان پێدەبەخشێت و بەرگری لە هێرشەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات بە ئاراستەی ناسەقامگیری و گۆرانکاری لە بنەما و ڕێساکانی(الليمون، ٢٠١٦، ٣٠)، کەواتە، بوونی دەستووری ڕەق ئاماژەیە بۆئەوەی ڕێگە نادات دەسەڵاتی یاسادانان زاڵبێت بە سەر دەستوور، کە جێگیربوون بە بڕگەکان دەدات ، وادەکات خاوەن مافەکان دڵنیایی زیاتریان هەبێت بەرامبەر بە ئاسانی نەگۆڕانی بڕگەکانی دەستوور، ئەمەش هەم شکۆی دەستوور، هەمیش دادپەروەریی دەستووری دێنێتە بوون.

هەروەها مەبەست لە دەستوور، دەستوورێکە بەو واتا ڕووالەتیەی، کە هەموو شتێکی تێدا دیاریکرابێت، نەوەک مەبەست لە کوتلەی دەستووری ڕێسای سروشتی دەستووریانە، چونکە گەر دەستوورێک نەبێت ڕەقێتی نابێتە بابەتێک بۆ هاتنەدی دادپەروەریی دەستووری(عزيز، ٢٠٢٣، ١٤-١٥)، گومانی تێدا نیە، گەلان لە سەر ئەوە کۆکن کە بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا و هاووڵاتیبوون لە سەر بنەمای پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی بەپێی بڕگەکانی دەستوورە، بە مەبەستی زامنکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک، دەسەڵاتداران ئەرکی خۆیان لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیدا ئەنجامبدەن، بۆیە گرنگی ئەم دادپەروەرییە لە ملکەچکردنی دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەتە بۆ بڕگەکانی دەستوور، لەگەڵ ملکەچکردنی هەموو تاکەکان بۆ بڕگەکانی، کە پێی دەگوترێت "دەوڵەتی دەستووری"(خميس، ٢٠٢٤، ٥٤١-٥٤٢).

کاتێک باس لە دەستووری ڕەق(جامد) دەکرێت، لە بەرامبەری دەستووری نەرم(مرن) دێت، کە دەستوورێکە بە هەمان ڕێککاری یاسایەکی ئاسایی هەمواردەکرێتەوە(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ٥٨؛ میراودەلی، ٢٠٢١، ٥٦)، کەواتە، دەستووری ڕەق دەستوورێکە ڕێککاری هەموارکردنی ئاڵۆزە و هاوشێوەی یاسای ئاسایی نیە، بۆیە وەک ڕایەڵەیەکە بۆ هاتنەدی دادپەروەریی دەستووری، بەم شێوەیە یاسادانەری دەستووری لە بنەڕەتدا بە ڕەقی داڕێژانی بۆ دەکات، بە تایبەت کە مەبەستی تویژینەوەکەمان وڵاتانی فیدراڵە.

زۆربەی وڵاتانی جیهان بەرەو دەستووری نووسراوی ڕەق چوون، بۆئەوەی زۆرترین پاریزگاری بکەن لە ماف و ئازادییەکان و دەستدرێژی لە سەر دەستوور دووربخەنەوە، د. مونزیر شاوی دەڵێت: پاسەوانی دەستوورە لە بەرامبەر یاسادانەر، هەروەها وا دەکات سەقامگیری زیاتر بۆ دەقی یاسایی بگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەوەی هەندێک وڵات دەقی دەستووری ڕەقیان داناوە، کە هەر هەموارنەکرێت، ئەمەش بۆ گرەنتی زیاتری دەقی دەستوورییە، هەروەها بۆ هەمواركردنەوە پێویستی بە دامەزراوەیەکی باڵا هەیە، ئەمەش خاڵێکی بەهێزی هاتنەدی باڵایی دەستوورییە(عبدالله، ٢٠٠٩، ١٤٩-١٥٠؛ الشاوي،١٩٨١، ٣٤-٣٥).

کەواتە، بۆ ئەم توێژینەوەیە بوونی دەستوورێکی نووسراوی بە واتا ڕواڵەتی ڕەق ڕایەڵە بۆئەوەی بگوترێت یاسادانەری دەستووری ڕەچاوی ئەو گرەنتیەی کردوە، کەوا دادپەروەریی دەستووری پێبێتەدی، بە تایبەت بۆ سیستەمی فیدراڵی(حسن، ٢٠١٧، ١٧-١٨) کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان لایەنەکاندا هەیە و زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی لەبەر بەهێزیی گۆڕانکاری بکات لە دەستووردا، ئەگەر دەستوورەکە جۆری هەموارەکەی ڕەق نەبێت، بەڵام بە تەنها ڕەق بوونی دەستوور تەواو نیە، مەبەستمان دەستوورێکە کەوا ڕێزی لە بنەماکانی دادپەروەریی و دیموکراسی گرتبێت، کە گەل خۆی ڕۆڵی کارای هەبووبێت لە داڕێژانی دەستوور(الليمون، ٢٠١٦، ٢٨)، چونکە بوونی برگەیەکی ڕەقی دەستووری، ڕەنگە سوودی بۆ لایەنێک یان خاوەن هێز هەبێت نەک بۆ گەل و هاووڵاتیان، بۆیە پێویستە برگەکان ڕەقبوونیان لە کاتێک بێت کە لە سەرەتای دروستبوونیان تا کۆتایی، دەلالەت لە دەنگی گەل و پابەندبوون بە بنەما لۆجیکی و ئاکارییەکان بووبێت.

### ٣.٢ بوونی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی زۆربەی سیستەمە حوکمڕانیەکان لە وڵاتانی جیهان پشتیپێدەبەستن، کە بەشدارە لە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی بە شێوەیەکی دروست، ئەویش بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە(الفصل بين السلطات)، بەو ئامرازە ناسراوە کە دڵنیایی لە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتە سەرەکیەکانی ناو دەوڵەت دەدات، کە بریتییە لە دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەرییە، یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی کاری ئەم دەسەڵاتانە لە یەکتر و گەرەنتی سەربەخۆیی هەریەکەیان دەکات(محمد، ٢٠٢١، ٤)، ئەم بنەمایە لە فەلسەفەی یۆنانیەوە سەرچاوەی گرتوە، سەرەتا لایەنێکی سیاسی وەرگرتوە، لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆدا دەرکەوتوە و لە لایەن لۆک و مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆ و شۆڕشەکانی ئەمریکا بە گرنگ زانراوە، لە بیری سیاسی کۆندا سەریهەڵدا و لە بیری سیاسی مۆدێرن و هاوچەرخدا پەرەیسەند ( الحليم، ٢٠٢٢، ٥٧-٦٠).

بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی مۆنتسکیۆ بە مەبەستی دروستکردنی هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی هاوسەنگی و گەرەنتیکردنی ناوبژیوانی لە نێوان دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەتدا. ئەم پرەنسیپە بە یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکان دادەنرێت بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و دروستکردنی کەشوهەوای میانڕەوی لە نێوانیاندا، پاشان دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی، کە کرۆکی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەوەیە، کە بۆئەوەی بەرژەوەندیی دەوڵەت بە باشی بەرەوپێش بچێت و زامنکردنی ئازادییەکانی تاک و ڕێگری لە ئارەزوومەندی و ستەمکاری، پێویستە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی یەک کەس یان جەستەیەکدا چڕ نەبن،

تەنانەت ئەگەر ئۆرگانێکی نوێنەرایەتیش بێت، کە بە ناوی گەلەوە کاربکات، بەڵکو پێویستە ئەم دەسەڵاتانە لە نێوان ئۆرگانە جیاوازەکاندا دابەشبکرێت، بیرۆکەی دەوڵەتی یاسا لە سەری بنیاتنراوە، هەروەها بە یەکێک لە گەرەنتیەکانی ئازادی لە دەوڵەتی دیموکراتی مۆدێرن دادەنرێت(الشكري، الوائلي و الخفاجي، ٢٠١٧، ٦–٧؛ الزبيدي، ٢٠١٢، ٥٧–٦٠ ) .

هەروەها دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لە نێوان دەسەڵاتداران و بوونی هێڵی دابەشکەر لە نێوانیاندا، بۆئەوەی هیچ دەسەڵاتێک ناوێرێت دەسەڵاتێکی تر تێبپەڕێنێت، ئەمە دەبێتە گەرەنتی ئازادی تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتداران، یەکێکە لە پایە و تایبەتمەندیەکانی سیستەمی دیموکراسی، ئەم بنەمایەی هونەری سیاسەتە، بە حیکمەتی سیاسی و خواستی پێشخستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت دادەندرێت، گەرەنتی ئازادیەکانی تاکەکان دەکات و ڕێگری لە ئارەزوومەندانە و ستەمکاری دەکات. قەدەغەیە کە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەستی یەک کەس یان لایەن کۆبکرێتەوە(مهدی، ٢٠٢٠، ٣)، کەواتە پەسەندکردنی ئەم بنەمایە ڕێگری لە ستەمی فەرمانڕەواکان دەکات، پێویستە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی یەکلایەندا چڕ نەکرێنەوە .

هەروەها مەرج نیە هەموو بنەماکانی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە یەک جۆر و شێواز بێت، بۆنمونە کاتێک باس لە سیستەمی ڕەق لە لێکجیاکردنەوە دەکرێت، مەبەست لەوەیە کە جەخت لە سەر سەربەخۆیی تەواو و جیاکردنەوەی تەواوەتی دەسەڵاتەکان دەکاتەوە بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردان، لە کاتێکدا سیستەمی نەرم ڕێگە بە هاوکاری مەرجدار و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان دەدات(جديع، ٢٠٢٢، ٥٥٠–٥٥٢) ئەمەش بەپێی سروشتی وڵاتان دەگۆڕێت هەندێکیان نەرمن، بەڵام هەندێکیان ڕەق.

بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان خۆی تووندوتۆڵ دەکات بە سێ بیانوو، کە هەریەکەیان گرنگی خۆی هەیە لە واقعی سیاسی و یاساییدا(الفرجاني، ٢٠١٤، ٢٩٣):

١. ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و دەستبەسەرداگرتن، هەروەها ڕێزگرتن لە ئازادی.

٢. گرەنتی بنەمای ڕەوایەتی دەکات(مبدأ المشروعية): ئەم بنەمایە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەموو کردارەکان بەپێی یاسا بن، واتا دەبێت هەموو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی دەزگاکانی دەوڵەت و کەسەکان لە سەر بنەمای یاسا بن و لە سنووری ئەو دەسەڵاتە دەرنەچن، کە یاسا پێیداون. هیچ لایەنێک لە سەرووی یاساوە نیە و هەموو لایەک پابەندە بە جێبەجێکردنی یاسا، ئەم بنەمایە ڕێگری دەکات لە خۆسەپاندن و هەڕەمەکی و پشتڕاستی دەکاتەوە، کە هەموو کەسێک لە بەردەم یاسادا یەکسانە.

٣. دابەشکردنی کار و ئەرک، بەمەش وادەکات ئاسانتر بەرپرسیارێتی دەستنیشانبکرێت :

٤. ئەم بنەمایە جەخت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرک لە نێوان دامەزراوە و ئۆرگانە جیاوازەکاندا دەکات، ئەمەش وادەکات هەر لایەنێک بەرپرسیاریەتی تایبەت بە خۆی هەبێت و بەم شێوەیە دەتوانرێت بە ئاسانتر لێپرسینەوە لەگەڵ هەر لایەنێک بکرێت سەبارەت بە کەمتەرخەمی یان پێشێلکاری، هەروەها ئەم دابەشکردنە وادەکات چاودێری و هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا هەبێت، بۆ نموونە دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا، ئامانجی سەرەکی ئەم بنەمایە ڕێگریکردنە لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی کەسێک یان گرووپێکی دیاریکراودا.

هەبوونی ئەم بنەمایە کاریگەیی و گرنگی زۆری هەیە بۆ دەستوور بە گشتی، بە تایبەتیش بۆ دەستوورە فیدراڵیەکان، چونکە لە سیستەمی فیدراڵیدا، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پەوتر دەبێت، دەسەڵاتەکان نەک تەنیا بە شێوەی ئاسۆیی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) بەڵکو بە شێوەی ستوونیش (دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان) دابەش دەکرێن، ئەمەش گرەنتی زیاتری دادپەروەریی دەستووری و پاراستنی مافەکان بە هەموو پێکهاتەکان دەدات(الخزرجي، ٢٠٢٢، ١١٣)، چونکە دادپەروەریی دەستووری کاتێک سوود لەو بنەمایە دەبینێت، کەوا دەستوور سنووری کارەکانی دیارکردوە، بەم هۆیەش وادەکات هەر خۆی دەستوور ببێتە پارێزەری بە ئاماژەیەکی تر مافی هەموو لایەک پارێزراو دەبێت و لە هەمبەریدا دەسەڵات و ئاستی بەرپرسیارێتی ڕۆشنتر دەبێت، بە جۆرێک دەرفەتی زیاتر بۆ چاودێری و کارئاسانی زیاتری بۆ دەبێت(القادر و العزيز، ٢٠٢٢، ٣٢٣) کەواتە، لە سیستەمی فیدراڵیدا ناکرێت، ڕێگەبدرێت دەسەڵات لە دەستی یەک هێزدا بێت و دەستدرێژی ڕووبدات، دەبێت یاسادانەری دەستووری هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندیەکانی هەر دەسەڵاتێک دیارییکات، بۆئەوەی ببێتە هۆی گرەنتی پاراستنی زیاتری مافی تاکەکان و دەسەڵات نەتوانێت لە هەموو لایەک دەستیوەردان بکات، بەمەش وادەکات دادپەروەریی دەستووری بێتەدی، هەروەها دەبێت لە سیستەمی فیدراڵیدا هەمان هاوسەنگی بپارێزرێت لە نێوان دەسەڵاتەکان، چ لە دەسەڵاتی فیدراڵی  چ لە هەرێمەکاندا، بۆئەوەی هەموو پێکهاتەکان مافیان دەستبکەوێت و بەرەو کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران بچن.

## ٣.٣ ڕێکخستنی دەستووری بۆ ماف و ئازادییەکان

ماف و ئازادییەکان بریتین لە کۆمەڵێک جیاوک، کە پەیوەستن بە بوونی مرۆڤ، هەروەها باسکردن لە ماف و ئازادییەکان دەمانگەیەنێتە جۆرێک لە دادپەروەریی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیە، کە لە ناو دەستووری وڵاتاندا ڕۆڵێکی زۆر باڵای هەیە، لێرەشدا هەردوو فەلسەفەی مارکسیزم و لیبرالیزم گفتوگۆی قوڵیان هەیە، لەبارەی ماف و ئازادییەکان. مارکسیزم؛ دادپەروەریی لە نەمانی چینایەتی و نەبوونی دەسەڵاتی تایبەتی دەبینێتەوە، هەروەها

دابەشکاری بە شێوازێکی یەکسان بکرێت، هەرچی فەلەسەفەی لیبڕاڵییە؛ دەیەوێت سیستەمێکی دیموکراسی ئازادیخواز بۆ تاکەکان دروست ببێت، کە تاک دەبێتە بابەت نەوەک گروپ(بوزیان، ٢٠١٣، ١٠٧؛ زمال، ٢٠١٨، ٩٤).

کاتێک باسی بنەماکانی ماف و ئازادییەکان دەکرێت، بەریتانیا (ئینگلتەرا)، فەرەنسا و ئەمریکا بە پێشەنگی ئەو وڵاتانە دادەنرێن، کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە دامەزراندن و گەشەپێدانی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان، لە بەریتانیا ماگنا کارتا (١٢١٥) یەکێکە لە کۆنترین بەڵگەنامەکانی سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی و دامەزراندنی مافی یاسایی بۆ هاووڵاتیان(Vincent, 2017)، هەروەها لە ئەمریکا، جاڕنامەی سەربەخۆیی (١٧٧٦) و دەستووری ئەمریکا و هەمواری دەیەمی، مافە بنەڕەتیەکانی وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئایین و مافی کۆبوونەوەیان چەسپاند، لە فەرەنساش جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیان (١٧٨٩) لە کاتی شۆڕشی فەرەنسا، بنەمای ئازادی، یەکسانی و برایەتی وەک دروشمی گشتی دانا (عباس،٢٠٢٠-٢٠١٩، ٢٢-٢٥؛ میراودەلی، ٢٠٢١، ٧٨-٨٢)، لەگەل ئەو مێژووە دوور و درێژەیان، ڕۆڵێکی کاریگەر و جیاوازیان هەبووە لە بەرەو دەستووریزم چوون و ڕێزگرتن لە بنەماکانی ماف و ئازادییەکان لە ناو دەستوورەکانیان، لەگەڵ ئەمەشدا جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پەیوەستەکانی وای کردوە بەشێک لە زانایان بە ڕێسای باڵاتری بزانن لە دەستوور(المفرجی، نعمە و الجدە، و: عبدالله، ٢٠١٨، ٦٩) بەڵام سەرەڕای دیدگای جیا بۆی، لەبەر ئەم گرنگیە دەستوورێک، دەستوورێکی تەواو نیە بەبێ بوونی ئەم بنەما سەرەکیانەی پەیوەست بە مرۆڤ و گەردوونیبوونیان .

بوونی بنەماکانی ماف و ئازادییەکان ئەو بنەما سەرەکیانەن، کە دەبێت بوونیان لە دەستووری وڵاتاندا هەبێت، تاوەکو دادپەروەری بوونی هەبێت(Khechen& Ozbilgin& Tatli and others, 2013, 5)، چونکە ناکرێت هەر کەسێک هەڵبستێت بە ڕەهایی مافی خۆی بەکاربهێنێت و بەشێک لە مافەکانی بۆ دەستوور و یاساکان جێدەهێڵێت، لە بەرامبەردا دەبێت یاسادانەری دەستووری ڕەچاوی ئەو ماف و ئازادیە سەرەتاییانە بکات، کە هەر کەسێک لە وڵاتدا هەیەتی(الشاوي، ٢٠١٦، ٨٧)، بۆیە دەبێت دەستوورەکان ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن وەک یاسای بنەڕەتی وڵات تاوەکو زۆرترین ماف و ئازادی فەراهەمبکەن بەرەو ئەو دۆخە نموونەییە (Ideal State) بچن(Jonsen, 2014, 2)، کە هەر یەکێک هەندێک دەرفەتی هەیە، بۆئەوەی بەشداری تێدابکات و لێی سەرکەوتووبێت.

کەواتە، ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکان لە چوارچێوەی دەستوورەکاندا بەرەو زۆربوون و زیاتر بایەخپێدان دەچن، لەبەرئەوەی هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی مرۆیی و دیموکراسین، ئەمەش دەردەکەوێت کە دەرخەری بوونی دەستوورێکی نووسراوی دیموکراتیە(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ١١٢)، کەواتە، تاوەکو هاووڵاتیان زیاتر بەشداریان هەبێت لە پرۆسەی دەستوور دانان و ڕاپرسیدا، زیاتر وادەکات دەستوورەکە گرەنتی مانەوەی هەبێت، پیاوانی چینی دەسەڵاتدار زاڵیەتیان کەمدەبێت (احمد، ٢٠٢٢، ١٧٨) ئەمەش وادەکات بەرەو درستبوونی سیستەمێکی دیموکراسی بچێت، هاووڵاتیان خۆیان بۆ مافی خۆیان بریاربدەن.

ماف و ئازادییەکان ئەو کلیلانەن، کە یاسادانەری دەستووری دەبێت لە کاتی دانانی دەستووردا فەراهەمیان بکەن، بۆئەوەی دادپەروەریی دەستووری دەربکەوێت بە تایبەت کاتێک لە سەردەمی دیموکراسیدا باسیان لێدەکرێت هەر بە تەنها بوونیان، هاووڵاتیان لێی سوودمەندبن و ڕێگرییان لێنەکرێت، کە بە پێی دەستوور گەرەنتی دەکرێن و پارێزگاریان لێدەکرێت، هەروەک لە کەیسی براون لێی دواین کە، کە جگە لە دەستوور، دادگاکانیش دەبنە پارێزەری، بەڵام ناکرێت دەستوورێک هەبێت مافەکانی ئاماژە پێنەکردبێت، هەروەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەگەڵ باسکردنی کۆمەڵێک ماف و گرەنتی کردنی، بەندێکی تەواوی ناوناوە (ماف و ئازادییەکان) لە مادده ١٤ تا دەگاتە مادده ٣٧، هەروەها بوونی دادگاکانیش لە خزمەتی ئەم بنەمایە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، بۆئەوەی کردەی هەر دەسەڵاتێک کۆک و ساز بکات لەگەڵ دەستووردا(Abrams, 2012, 8)، بەمەش هەم یاسادانەری دەستووری وەک دیارخەری دادپەوەریی دەستووری دەیانخاتەڕوو، هەمیش دادگاکان بەو دەسەڵاتە دەستوورییەی پێیاندراوە پارێزگاری لێدەکەن، شایەنەی باسە دەستووری وڵاتانی فیدراڵی، ئەو دەستوورانەن، زۆرترین چاویان لەسەرە، لە لایەن ناوەند و هەرێمەکاندا، هەروەها لە نێوان هەموو لایەنە جیاوازەکاندا.

کەواتە دەردەکەوێت، بنەماکانی ماف و ئازادییەکان، بنەڕەت و بەڵگەنەویستن لە بوونیان لە دەستووورە دیموکراسیەکاندا، کە هەم وەک مافی ناو ناواخنی دەستوور، کە لە برگەکانی دەستووردا هاتوە، هەمیش وەک مافی تاک لە کاتی دارێژانی دەستوور و یاساکانی وڵاتدا مافی دەبێت، جیاوازی وڵاتان لەوەدایە، کە هەر یەکەیان وابەستەی فەلسەفە و دیدگایەکی جیاوازن بۆ چییەتی ئەوەی بە ماف و ئازادیی تاکەکانیان دادەنێن، بە تایبەت ئەو فەلسەفە دەستووریانەی کە یاسادانەری دەستووری پشتی پێدەبەستێت، بۆیە ناکرێت هەموو وڵاتان یەک جۆر ماف و ئازادی بخەنە ناو دەستوورەکانیان، هەربۆیە دادپەروەریی دەستووریی هەر یەکەیان لە بوونی بنەمای ماف و ئازادی وابەستە بە دەستوورەکانیان.

لە کۆی ئەم باسەدا، گرنگە شیکردنەوە بۆئەوە بکرێت، کە ئایا بۆچی بوونی دەستوور بە تەنها ڕایەلەیەک نەبوو بۆ بوونی دادپەروەریی دەستووری؟ وەڵامی ئەوە لای ئەوانەی کە تەنها دادگای دەستووری دەکەنە هێنانەدیی دادپەروەریی دەستووری ئاسانترە، لەبەرئەوەی وەک باسکرا لە پێشتر، گرەنتی و پارێزەری دەستوورە لە هەر دەستدرێژییەک بۆی، بەڵام بە گشتی وەڵام بۆ ئەوەی بە تەنها بوونی دەستوور تەواو بەس نیە، چونکە چەمکی دادپەروەریی دەستووری نوێیە و وابەستە بە دەستوورێکی نووسراو، کە باڵایی هەبێت و هەموو کەس و کردەیەک بەرمەبنای ئەمە کاربکەن، بۆیە گەر دەستوورەکە ڕەق نەبێت، هاوشێوەی یاسا ئاساییەکان گۆڕانی بەسەردادێت و هیچ هێزێک بۆ دەستوور نامێنێتەوە، هەروەها لە ناو دەستووردا ئەگەر باسی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەکرێت، با دەستووریش هەبێت دەبێتە هۆی ستەم و دەستدرێژی بۆ سەرکاری یەکتر و لەنجامیشدا ناکۆکە لەگەڵ مافی هاوولاتیان و بنەمای دیموکراسی، لایەنی بەهێز لاوازەکان دەخوات، هەرچی ماف و ئازادییەکانە، دادپەروەری هەمان شت کاتێک دێتەدی، کە بۆ خزمەتی هاوولاتیان بێت، ئەگەر دەستووریش هەبێت ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی هاوولاتیان نەگیرێت، دەستوورێکی ستەمهێنەرە، کە ئەمە ئەو واتایەیە لەم باسەدا دەردەکەوێت.

### ٣.٤ بوونی دادگای دەستووری

هەروەک لە پێناسەکانیشدا ئاماژەی پێدرا، لەبەر گرنگی دادگای دەستووری(المحكمة الدستورية)، کە بەپێی دەستووری وڵاتان ناوەکانیان جیاوازە، بەڵام ئەم دادگایە دەکەنە گرەنتی بوونی دادپەروەریی دەستووری، لەبەرئەوەی ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە، لە هێنانەدی دادپەروەریی دەستووری بە تایبەت لە سیستەمە فیدراڵیەکاندا، چونکە گرفت لە نێوان لایەنەکان بە پێی دەستوور چارەسەردەکات(حسن، ٢٠١٧، ٣٤-٣٦).

کەواتە، دادگای دەستووری دامەزراوەیەکە، کە ئامرازێکی گرنگی چاودێری دەستووریبوونی یاساکان و لادانی ناڕوونیە بە هۆی پێدانی ئەو ڕۆڵە ڕاڤەکارییە پێی، هەروەها دادگا دەستووریەکان بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت، کە گەرەنتی سەروەری یاسا و بەدیهێنانی دادپەروەری دەستووری دەکات، میکانیزمێکی کاران بۆ پاراستنی مافی هاوولاتیان و دڵنیابوون لەوەی یاساکان بەگوێرەی دەستوور جێبەجێدەکرێن (May, Ides &  Grossi, 2016, 23؛ Monti, 2022, 126) ، بەڵام ڕۆڵە کاریگەرەکەی پێویستی بە بەهێزکردنی سەربەخۆیی و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان، بە تایبەت لە وڵاتانی فیدراڵیدا.

دادگای دەستووری لە سەر دووپاتکردنەوەی گەرەنتیەکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دامەزراوە، واتا، گەرەنتی ئەوە دەکات هەموو ئەوەی لە دەستوورەکان، یاسادانەری دەستووری کردوویەتی بە دەق، پارێزگاریان لێبکات، لە کاتی دەستدرێژی و سەرپێچی بۆ هەر برگەیەک، دادگای دەستووری وەک پارێزەری دەستوور ڕۆڵ دەبینێت، بێگومان بەڵگە نەویستە کە هیچ دەستوورێک بەدی ناکرێت لەسەردەمی نوێدا، کە ئەو بنەما باڵایانەی لەخۆی نەگرتبێت، هەروەک دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و تەواوی دەستووری وڵاتانی بەراوردکاری، کە چاودێری دەستووریبوونی یاساکان دەکەن، ئەمە جگە لە ڕۆڵی لە دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی مافی مرۆڤ، تایبەتمەندی و بەرژەوەندیی گشتی کە سنووردار دەکات، گۆڕانکاریە دەستووریەکان تەنیا لە گۆڕینی دەستووردا سنووردار نین، بەڵکو ئەرکی دادگا باڵاکانە، کە لە دەقی ڕەق تێبپەڕن و ڕاڤەکانیان بە شێوەیەک بێت، کە لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بگونجێت(خلیل و بدیر، ٢٠١٥، ١٥٨)، چونکە پەیڕەوکردنی دەق پەیوەستە بە تێگەشتن و خوێندنەوە بۆ ڕۆحەکەی، بەوەی ئەم دەقە بگونجێت لەگەڵ سەردەم و دوانەکەوێت، هەروەک لە کەیسی (براون)دا: ڕەشپێستەکان داوایانکرد کە ئەم سیاسەتە نادەستووریە و پێشێلی مافەکانیانە، دادگای باڵا بە دەنگی هەموو دادوەران بڕیاری دا، کە جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە خوێندن هەتا ئەگەر خزمەتگوزاریەکان یەکسانیش بن، نایەکسانیە و پێشێلکردنی دەستوورە(Brown v. Board of Education,1954, 347 U.S. 483)، ئەمە نموونەیەکی گەورەی گۆڕانکاریە دەستووریەکانە لە ڕێگەی ڕاڤەی دادگاوە، ئەم نموونە دەریدەخات، کە چۆن دادگا باڵاکان دەتوانن ڕۆحی دەستوور ڕاڤەبکەن، بە شێوەیەک لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا بگونجێت، بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەموو جارێک دەقی دەستوور بگۆڕدرێت، ئەمەش زیاتر وا دەکات ڕەقیەتی دەستوور وەک بنەمایەکی جێگیری و ئارامی دەستوور خۆی بهێڵێتەوە، هەروەها یارمەتی دەستوور دەدات کە زیندوو بمێنێتەوە و لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم بگونجێت.

زاراوەی دادوەری (قضاء) دەستووری زۆر واتای هەیە، لەوانەیە ئاماژەیە بۆ دادگا باڵاکانی وڵات، وەک دادگای باڵای ئەمریکا و دادگای باڵای داد لە مەکسیک و بەرازیل، چونکە ئەوانە دادگان کە دەسەڵاتی دادوەری دەستووری بەڕێوەدەبەن. هەروەها لەبەرئەوەی کارکردنیان لەسەر دەستوور و لێکدانەوەکانە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، هەروەها دادوەری دەستووری فراوانتر دەکرێت بۆئەوەی ئەو ئەنجومەنە دەستووریانە بگرێتەوە، کە لە لایەن هەندێک سیستەمی دەستوریەوە دامەزراون، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دەستووری تایبەت(Figueroa, 2010, 27؛ Haberle, 2010, 66) ، هەروەک فەرەنسا، ئەنجومەنی دەستووری (Conseil Constitutionnel) هەیە و دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و بەرپرسە لە چاودێریکردنی

ئەوەی، کە ئایا یاساکان لەگەڵ دەستووردا دەگونجێن، ئەم ئەنجومەنە بەشێکە لە سیستەمی دادوەری دەستووری(Constitutional Council, 1958)، ئەم ئەنجومەن و دەستانە، هەرچەندە دادگا نین بە واتای ئاسایی، بەڵام بەشێکن لە سیستەمی فراوانتری دادوەریی دەستووری، ئەوانیش دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە ڕاڤەکردنی دەستوور و چاودێریکردنی ئەوەدا ببینن کە یاساکان و پرۆسە سیاسیەکان لەگەڵ دەستووردا دەگونجێن. کەواتە، چەمکی دادوەری دەستووری فراوانە و ئەم جۆرە دامەزراوانەش دەگرێتەوە، نەک تەنها دادگا دەستووریەکان. لەگەڵ ئەوەی زۆر جۆری جیاواز لە ناونان لە دادوەری دەستووری هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە ستایلی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتانە و دەستوورەکانیان، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە، بوونی دادگایەکی دەستووریە؛ کۆمەڵێک کاری گرنگ دەکات، کە پەیوەستە بە دەستووریکردنی کارەکان، هەروەک باسکرا لەوانە: چارەسەرکردنی گرفتە دەستووریەکان و لادانی ناڕوونی بەهۆی ڕاڤە، هەروەها چاوێری دادوەری.

بۆئەوەی دەسەڵاتی دادوەری دەستوری بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە پاراستنی دەستووردا جێبەجێبکات، بەم شێوەیەش دادپەروەریی دەستووری مسۆگەر بکات، دەبێت گەرەنتی دەستووری پێویستی هەبێت بۆ سەربەخۆیی خۆی لە تەواوی دەسەڵاتە گشتیەکانی تری ناو دەوڵەت، بەو پێیەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی دەستوری بەرجەستە دەکات، بە ئازادی و کاریگەرانە بەبێ ئەوەی کاریگەری هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتیان لەسەر بێت و بەم شێوەیەش بێت بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و ڕێگریکردن لە دەستدرێژیکردنە سەر دەسەڵاتەکانی تر یان لادان لە بڕگەکانی دەستوور، دەسەڵاتی دادوەری چارەسەری کۆتاییە بۆ هەموو ئەو ناکۆکیە دەستوریانەی لە نێوان دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا ڕوودەدەن(عزیز، ٢٠٢٣، ١٩-٢٠). لە ئەنجامدا دەردەکەوێت، کە ناکرێت دادپەروەریی دەستووری بگاتە جێگەی خۆی بەبێ بوونی دادگایەکی دەستووری، لەبەرئەو ڕۆڵە پارێزەرەی لە دەستوور و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا پێیسپێردراوە، بە تایبەت لە وڵاتانی فیدراڵیدا ڕۆڵێکی یەکجگار کاریگەری هەیە.

٤ پێگەی دادپەروەریی دەستووری لە وڵاتانی فیدراڵیدا

دادپەروەری نەک تەنها بۆ وڵاتانی فیدراڵیدا، بەڵکوو وڵاتانی سادەش، پێداویستیەکی گرنگە، کە شێوازیکی فەرمانڕەوایەتییان سادەیە و پێکهاتەی کەمیان هەیە، بەمانایەکی تر؛ فرەیی تێدا نییە، بەڵام بۆ سیستەمی فیدراڵی بەجۆرێکی جیاواز گرنگی هەیە، لەبەر بوونی پێکهاتە و فرەیی زۆر، کە هەمیشە دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان، جیاوازییان هەیە، بۆ ئەوەی دادپەروەریی دەستووری خۆی پیشانبدات، پێویستی بە کۆمەڵێک کەرەستەیە، بەم جۆرە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەناو سیستەمی فیدراڵیدا، بوونی دەستوورێک بەو تەواوەتییە کە گرەنتیی مافی

تاکەکان بکات و دەسەڵاتەکانی بە شێوازێکی دادپەروەرانە دیارکردبێت، بۆ ئەوەی هەموو کات، ببێتە بۆگەڕاوەی چارەسەریی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پێکهاتە جیاوازەکان، هەروەرها بوونی دامەزراوەیەکی دادوەریی دەستووری کە ڕۆڵی خۆی بگێرێت لە پاراستنی دەستوور و چاودێری لەسەر کارەکانی دەسەڵاتە جیاوازەکان، لەبەر ئەوەی گرفتی زۆری دەستووری درووست دەبێت لە نێوان هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی دا، بۆ ئەم مەبەستە لەم بەشەدا، پێگەی دادپەروەریی دەستووری لە وڵاتانی فیدراڵیدا، بەسەر ئەم دوو تەوەرە دابەشدەکەین، لە تەوەرەی یەکەمدا دەپرژێینە سەر پەیوەندیی دەستوور بە سیستەمی فیدراڵی، هەروەها تەوەری دووەم تایبەت دەکەیەن بە ڕۆڵی دادگای دەستووری لە سیستەمی فیدراڵیدا.

### ٤.١ پەیوەندیی دەستوور بە سیستەمی فیدراڵی

لەپێشتر ئەوەمان باسکرد، کە دەستوور چییە و چ جۆرە دەستوورێک گونجاوە بۆئەوەی دادپەروەریی دەستووری پێی دروستبێت، بەڵام سروشتی وڵاتان جیاوازی دروستدەکات، لە سەر دیاریکردنی دەستوورێکی دادپەروەرانە بۆیان، کۆمەڵێک دەرکەوتەی جیاواز دەردەکەون، کە پەیوەستە بە جیاوازیی پێکهاتە، زمان، فەرهەنگ و مێژوو... هتد(ئەندرسن، ٢٠٠٧، ٢٢)، بەڵام زۆربەی وڵاتانیش کۆکن لە سەر کۆمەڵێک دەرکەوتەی جێگیری دەستووری، بە تایبەت بۆ وڵاتانی فیدراڵی دەبێت لە ناو دەستووردا هەبن، بۆئەوەی ماف و دەسەڵاتەکان دیاربن. هەرچی لەم بەشەدایە، ناچینە ناو وردەکاری وڵاتانی بەراوردکاری، کە چ دەرکەوتەیەکی دادپەروەریی دەستووری تێدا جێگیرە یان گۆڕاوە، بەڵام بە گشتی باسی گرنگی دەستوور لە وڵاتانی فیدراڵی دەکەین کە چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی هێڵی سەرەتایی و بنەڕەتی لە وڵاتدا بۆ ماف و ئەرکەکان، تاوەکو دادپەروەری بهێتەدی و هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان لە خۆشگوزەرانیدا بن.

ڕاستە وڵات لە دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمی دیکە پێکهاتوە، بە واتای ئەوە نیە، کە هەر یەکەیان دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبێت، بەڵکو لە هەر کارێکدا دەبێت ڕێز لە دەستوور بگرێت و باڵایی نەشکێنن(مریم، ٢٠١٤، ١٠)، کەواتە، چ لە پەرلەمانی دەسەڵاتی فیدراڵی یان هەرێمەکاندا، دەبێت یاساکان ڕێز لە هەرەمی پلەپەندی یاسایی بگرن، بە پێچەوانەبوونی نادەستووریبوونیان کاری پێناکرێت و پووچەڵن، ئەمە دادپەروەریی دەستوورییە کە یاسادانەری دەستووری هەر لە سەرەتادا ئەم باڵاییەی بۆ دەستوور دیاریکردوە، کە لایەنی بەهێز نەتوانێت کارێک بکات شکۆی دەستوور بشکێنێت.

جگە لەمەش دەستوور چالاکی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەت و پەیوەندی نێوانیان و سنوورەکان ڕێکدەخەن، بۆئەوەی دەسەڵاتێک بە سەر دەسەڵاتێکی تردا زاڵ نەبێت، بەپێی دوو بنەمای بنەڕەتی: لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و

هاوسەنگی نێوانیان(طاهر و نورة، ٢٠١٤، ١٢)، دەستوور ڕۆڵی گرەنتیکارانە دەبینێت کە لە ڕێبازە ڕاستەکەی خۆی لانەدات و مەیلی بەرەو تاکگەرایی و ڕەهابوون ناچێت، لە ڕێگەی پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی ڕێزگرتن لەم پرەنسیپە، تەواو ملکەچبوون لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا بۆ بنەمای سەروەری یاسا دێنێتەبوون، کە ڕێگە بە هاووڵاتی دەدات ماف و ئازادییەکانی لە سنووری ئەوپەڕیدا بەکاربهێنێت.

لەگەڵ ئەوەی دەستوور سێ دەسەڵاتەکە لێکجیادەکاتەوە، ئەوەی کە دادپەروەریی دەستووری لە وڵاتانی فیدڕاڵی بەرپادەکات و لە هیچ وڵاتێکی سادە بوونی نیە، ئەوەی تایبەتکاریەکان دەسەڵاتی فیدڕاڵی و هەرێمەکانیش دیاریدەکات(watts, non, 1)، بۆئەوەی ناکۆکی دەستووری دروست نەبێت، ئەگەر هەر ناکۆکییەک یان ناڕوونیەک هەبێت، دادگای دەستووری چارەسەری دەکات، کە لە تەوەری دووەم باسی دەکەین .

لەگەڵ ئەوەی لە ناو دەستووری وڵاتدا، دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە، هەروەها ماف و ئازادییەکان دیاریبکرێن و دەستدرێژی نەبێت، ناتوانین بڵێین دادپەروەریی دەستووری دێتە بوون، بە تایبەت لە وڵاتانی فیدڕاڵیدا، لەبەرئەوەی بەردەوام ململانێ هەیە و ئەگەر خاڵێکی بەهێز و ڕێز لێگیراو نەبێت، ئەوا هەر کاتێک هەر لایەنێک بیەوێت دەتوانێت پێشێلی بکات، بۆیە دەبێت دەستوورێکی ڕەق بوونی هەبێت(جلال، ٢٠١٣، ٣٥؛ الشاوی، ١٩٨١، ٣٥)، ئەمەش شکۆ و باڵای دەستوور دەپارێزێت، وەک دەرخەر و دروستکاری دادپەروەریی دەستووری لە سیستەمی فیدڕاڵیدا، بۆ هەر ناکۆکییەکی دەستووریش، پەنا بۆ دادگای دەستووری وڵات دەبردرێت.

شایەنی باسە، بوونی دەستوورێکی ڕەق، کە بەشێوازیک لەگەڵ فەرهەنگی وڵات بگونجێت و ڕێز لە پێکهاتە جیاوازەکان بگرێت، لەگەڵیشیدا ئەرک و دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دەستووری دابەشکرابن، کە ستەمی تێدا نەبێت ڕۆڵێکی نموونەیی دەبینێت لە سیستەمی فیدڕاڵیدا، بۆئەوەی دادپەروەریی دەستووری بێتەدی، بۆیە دەستوورێکی دیموکراسی نیە لە جیهاندا، کە ئەم بنەما جیگیرانەی ناو دەستوورەکانی فەراهەم نەکردبن، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک دەرکەوتەی گۆڕاوی دادپەروەریی دەستووری، لەبەر جیهانی نەبوونیان.

٤.٢ ڕۆڵی دادگای دەستووری لە سیستەمی فیدڕاڵیدا

ڕاستە ئەوەی لێرە باسی دەکەین، پێشتریش باسی دادگای دەستووریمان کردوە، بەڵام لێرە تایبەتە بەو کارانەی کە دەیکات، کاریگەری هەیە لە وڵاتانی فیدڕاڵیدا، ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک گرفت هەیە، کە پەیوەستە بە هەرێمەکان و دەسەڵاتی فیدڕاڵی، لە پێشتر دادگای دەستووریمان وەک بەشێک لە بوونی دادپەروەریی دەستووری دانا، چونکە دەکرێت دادگای دەستووری هەبێت، بەڵام فیدڕاڵی نەبێت، دادگای دەستووری لە زۆربەی

وڵاتانی نافیدراڵی دنیادا یان دامەزراوەیەکی هاوشێوە هەیە، وەک ئیتالیا، سیستەمێکی نافیدراڵی هەیە، بەڵام دادگای دەستووری (Corte Costituzionale) هەیە کە بەرپرسە لە چاودێریکردنی دەستووری یاساکان.(Italian Constitutional Court, 1948)

کارەکانی دەسەڵاتی دادوەریی دەستووری لە هەر وڵاتێکدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هێنانەکایەی دادپەروەریی دەستووری، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە، گرنگی ئەو دادگا دەستوورییەیە لە سیستەمی فیدراڵی کە کۆمەڵێک کاری گرنگ دەکات (Erwin, 2020, 2)وەک پارێزەری دەستوور و کۆتا خاڵی چارەسەری دەستوور و دادپەروەرییەکەی، کە ناکرێت دەستوور پارێزگاری لە خۆی بکات لەڕێی لایەنێک نەبێت.

دەستوور گەر کۆمەڵێک هێلی بنەڕەتی و سەرەتایی دیاربکات، وەک بنیاتی دادپەروەری خۆی پیشانبدات، ئەوا دادگای دەستووری یان سیستەمی دادوەری دەستووری وڵاتان، لەگەڵ جیاوازی، وەک گونجێنەری کاری دەسەڵاتەکان لەگەڵ دەستوور ڕۆڵدەبینێت، بۆیەش دادگای دەستووری لە هەر وڵاتێکدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاستی دادپەروەری، کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان، لابردنی ناڕوونی لە دەقی دەستووری و ناکۆکی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێم لە پرسی ماف و دەسەڵاتەکاندا (Anca & Narcisa, 2017, 135).

دادگای دەستووری لە ڕێی چاودێریی دەستووری، دەستی واڵایە بۆ هەر شوێنێکی دەبات کە نادەستووری بوونی تێدابێت و پێچەوانەی بێت، لەبەرئەوەی هەرەمی دەستوور بە هۆی چاودێری دادوەری دەپارێزرێت، وەک چاودێرییەکی پاشەکی لە سەر کارەکانی دەسەڵاتەکان(مریم، ٢٠١٤، ١٢)، زۆرجار دادگای دەستووری کاری هەرێمەکان یاخود دەسەڵاتی فیدراڵی بە نادەستووری لە قەڵەم دەدات، ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە کە دادگای دەستووری هەیەتی لە سیستەمی فیدراڵیدا، بەوەی جیاوازی نیە چ هەرێم بێت یان دەسەڵاتی فیدراڵی .

یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی دادگای دەستووری بریتییە لە ڕاڤەکاری، ئەستەمە هیچ دەستوورێک لە جیهاندا بێبەش بێت، لانی کەم لە دەقێکی دەستووری کەوا ناڕوونی تێدا نەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە بە مەرجێک بگونجێت لەگەڵ واتای دەستوور، ڕاڤەی دەستوور بە سادەترین واتا، پرۆسەیەکی عەقڵییە کە ئامانجی دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ناڕوونی دەق و واتای دەقە دەستوورییەکان و ڕوونکردنەوەی مەودایان، بە پشتنەبەستن بەو واتایە ڕواڵەتی ڕاستەوخۆیە، کە دەتوانرێت لە وشەکانی دەقەکە دەربهێنرێت(عزیز، ٢٠٢٣، ٤١؛ غفور و فاضل، ٢٠٢٠، ٤٠٩)، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کەموکوڕی داڕشتن هەیە و لە دەقە دەستوورییەکاندا ڕوودەدات، وایان لێدەکات پێویستیان بە لێکدانەوە هەبێت، لێرەدا ئەم پرۆسە

هزریە دەبێتە ئامرازێکی دەستی دادوەرەکانی دادگای دەستووری بۆ لابردنی ناڕوونی و دەبێت ئەوپەڕی هزری خۆیان بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم کارە، نەبێتە هۆی دروستکردنی هاودژی دەقەکان، کە خزمەتی پرۆسەی دادپەروەریی دەستووری دەکات.

بنچینەی بوونی ئەو ڕۆڵەی دادگای دەستووری لە هەر وڵاتێکدا بۆ دەستوور دەگەڕێتەوە، کە ناهێڵێت دەستدرێژی بۆ سەر دەستوور بکرێت، بەڵام لە وڵاتانی فیدراڵیدا زیاتر ئاڵۆزیی هەیە لەوەی زۆرترین کات ناکۆکی دەستووری پەیوەست بە ماف و دەسەڵاتەکان دروست دەبێت، کە دەستوور دیاریکردوە، ئەمەش وادەکات، ئەم دادگایە ڕۆڵێکی فراوان ببینێت، بۆ هێنانەدی دادپەروەریی دەستووری.

کەواتە، دادگای دەستووری بەرپرسە لە یەکلاییکردنەووەی ناکۆکی نێوان سێ دەسەڵاتەکە و ناکۆکی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان، ڕاڤەکاری و چاودێری... هتد، کە زۆری و کەمی کارەکانی پەیوەستە بە سیستەمی دەستووری وڵاتان، بەڵام لە وڵاتانی فیدراڵیدا لانی کەم ئەم کارانە بوونەتە نەگۆڕێک بۆی، لەگەڵ ئەوەی هەر دەستوورە و دادپەروەریەکەی بە جۆریک پراکتیزە دەکات، ئەمەش لە ئەنجامدا بۆئەوەی دەستدرێژی ڕوونەدات و دەستوور وەک بنچینەییترین یاسا، باڵایی خۆی نیشانبدات لە دادپەروەریکردن، لەکۆی ئەم بەشەدا دەردەکەوێت، کە چ بوونی دەستوورێک وەک سەرەتای دیاریکەری دادپەروەریی دەستووری بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی باسکرا، هەروەرها چ بوونی دادگایەکی دەستووری لەم شێوەیە، پێگەی دادپەروەریی دەستووری نیشاندەدەن لە سیستەمی فیدراڵیدا، بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرترین ماف پێدان و کەمترین شکانی شکۆی دەستوور ڕووبدات.

## ٥ کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەم ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

### ٥.١ ئەنجامەکان

١. بەڵگەنەویستە کە بیرۆکەی دادپەروەری مێژوویەکی دووری هەیە و بۆ شارستانیەتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بیروڕای فەیلەسوفانی زۆری لە سەرە بە کۆن و نوێوە، بەڵام دادپەروەریی دەستووری چەمکێکی نوێیە لە بیری یاسایی و پێناسەیەکی تەواو و یەکگرتووی بۆ نەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە سیستەمێک بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور و جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە، هەروەها فرە ڕەهەندە، گرنگترین دوو ڕەهەندیش بۆی: ڕەهەندێکی سیاسیە، کە پەیوەندی بە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان هەیە، ڕەهەندێکی تریشی دەستووریە، کە پەیوەندی بە چوارچێوە دامەزراوەییەکەیەوە هەیە. کەواتە لە ئێستادا

لە بیرۆکەوە هاتۆتە ناو بنەمایەکی دەستووری بەڵگەنەویست لەبەرئەوەی ئاراستەی جیهانی دەستووری بەرەو دەستووری نووسراو و ڕەق چووە .

٢. دەردەکەوێت کە تەنها دادگای دەستووری، واتای ئەم بیرۆکەیەی نیە، بەڵکو ئامرازێکی هاتنەدیەتی، ڕاستە زۆرێک زانایان پێیان وایە، دادگای دەستووری گرنگترین گەرەنتیە بۆ هێنانەدی دادپەروەری دەستووری، باسکردن لێی بەبێ دادگای دەستووری بوونی نیە، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە، ناکرێت تەنها پشت بە یەک دامەزراوە ببەسترێت لە پاراستنی شکۆی دەستوور، ناکرێت بیرۆکەی دادپەروەریی دەستووری بکەینە موڵکی دادگا، هەروەها دادپەروەری دەستووری ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان، هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، هەروەها لە سیستەمی فیدراڵیدا هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکانە، بەڵام جگە لەمە یاسادانەری دەستووری ئەم ڕۆڵە بۆ دامەزراوە دەستووریەکانی تریش دیاریدەکات.

٣. بۆ دادپەروەریی دەستووری کۆمەڵێک ڕایەڵە هەیە بۆ هاتنەدی، ئەمەش پێویستی بە دەستوورێکی ڕەق هەیە لە پێناو ئەوەی سەقامگیری ڕووبدات و ئەم ڕەقیەش بەرمەبنای گەل بێت، هەروەها بوونی دادگای دەستووری وەک پارێزەری دەستوور دەبێت، بەبێ بوونی دادپەروەری لە مەترسیدا دەبێت، جگە لەمەش دادپەروەریی دەستووری چەمکێکی فەلسەفیە پێویستی بە لایەنی مەعریفی هەیە، هەروەک بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەمان دەبێتە بنەمایەکی زانین و مەعریفە بۆ هەر لایەنێکی خاوەن دەسەڵات، هەروەها بەرزترین بابەتێک پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە کۆمەڵگەوە. ماف و ئازادییەکانن، کە بەڵگەنەویستی ناو دەستوور دەبن و ڕایەڵەیەکی هاتنەدیی دادپەروەریی دەستوورین، ئەمەش ڕۆڵی یاسادانەری دەستووری نیشاندەدات، کە ڕادەی دادپەروەرییکردنی چەندە و چۆنە.

٤. چ بوونی دەستوورێک وەک سەرەتای دیاریکەری دادپەروەریی دەستووری بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی. چ بوونی دادگایەکی دەستووری لەم شێوەیە، پێگەی دادپەروەریی دەستووری نیشانبدەن لە سیستەمی فیدراڵیدا، بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێدانی زۆرترین ماف و کەمترین شکانی شکۆی دەستوور ڕووبدات، بە تایبەت لە نێوان هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵیدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی دەردەخات، بەڵام ئەم توێژینەویە دەرخەری ئەو تێکەڵەیەی بەشێکی توێژەران و زانایانن لە بواری دادگای دەستووری، کە کاریگەرن بە چاودێری دەستووری دواتر، نەک چاودێریی سیاسی، بۆیە دەیدەخات کە بیرۆکەی دادپەروەریی نەک دادگای

دەستووری نیە، بەڵکو دادگای دەستووری تەنها وەک ئامرازێکی ناو ئامرازەکان دەخاتە ناو گرەنتیەکانی، بۆیە ڕۆڵی یاسادانەری دەستووری دەخاتە پێش ئەو ڕۆڵەی دادگای دەستووری.

٥.٢ ڕاسپاردەکان

١. پێشنیازدەکەین، کاربکرێت لە سەر ڕۆڵی دامەزراوە دەستووریەکان (دامەزراوەی جێبەجێکار، یاسادانان، دادوەری و دەستە سەربەخۆکان) لە هێنانەدی دادپەروەریی دەستووری، چونکە هەر تەنها دادگای دەستووری دادپەروەریی دەستووری ناهێنێتەدی لە سیستەمی فیدراڵیدا، بەڵکو هەموو ئەو دامەزراوانەش ڕۆڵیان هەیە و ئامانجە باڵاکەی دەستوور دەهێننەدی.

٢. وردتر کار لە سەر دادگای دەستووری بکرێت و سەربەخۆیی زیاتری پێبدرێت، چونکە چەکیکی دوو سەرەیە، دادپەروەریی دەستووری پێبسپێردرێت، وەک بڕیاردەری کۆتایی و کاریگەریە سیاسیەکان لەسەری، وادەکات چاودێریەکانی دوای دەرچوونی کاری نادەدپەروەریی بێت.

٣. دادپەروەریی دەستووری لە وڵاتانی فیدراڵی لەبەر جیاوازیی پێکهاتەیی، جاوازیی دەرکەوتەیش لە دادپەروەریی دەستووری دەبێت، بۆیە پێویستە توێژینەوە لەسەر دەرکەوتە گۆڕاوەکانی دادپەروەریی دەستووری لە سیستەمی فیدراڵیدا بکرێت، لەبەر ئەو جیاوازیە فرە ڕەهەندەیەی لە وڵاتاندا هەیە، بۆئەوەی سوود بگەیەنێت بە هاتنەدیی دادپەورەیی دەستووری لە وڵاتانی فیدراڵیدا.

٦ لیستی سەرچاوەکان

٦.١ بە زمانی کوردی


١. ابراهیم محمد احمد(٢٠٢٢) پێوەرە نوێیەکانی دانانی دەستووری دیموکراتی، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕیوەبردن، سۆران.

٢. احسان حمید المفرجي و كطران زغير نعمة و رعد ناجي الجدة، و: هەتوان عومەر عبدالله(٢٠١٨) تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپی نوێ، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

٣. تانیا طاهر جلال(٢٠١٣) سیستەمی فیدراڵی لە دەستوری هەمیشەیی عێراق٢٠٠٥دا، چ١، چاپخانەی بینایی.

٤. خامۆش عمر عبدالله(٢٠٠٩) تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥. سەرهەنگ حەمید بەرزنجی(٢٠٢٢) گشتگیر لە تیۆری دەستور، چ٣ ، کتێبخانەی تەبایی،هەولێر.

٦. کمال میراودەلی(٢٠٢١) قانوونناسی- فەلسەفەی یاسا و داد و دەسەڵات، چ١، مێخەک، تاران.

٧.   هەژار (١٩٧٠). هەنبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی - کوردی. تاران: سروش

٦.٢   به زمانی عەرەبی :

١.   ابن منظور. (١٩٩٠). لسان العرب، دار صادر، ط٣، بيروت.

٢.   ارسطوطاليس(١٩٢٤)، علم الاخلاق الى نيقوماوخوس، الجزء الثاني، ت: احمد لطفي، دار الكتاب، قاهرة، ص٦٢ .

٣.   إسماعيل اكنكو(٢٠٢٤) القضاء الدستوري والعدالة الدستورية، شؤون استراتيجية، العدد(١٧)، كلية الحقوق السويسي –جامعة محمد الخامس الرباط، المغريب.

٤.   جون راولز (٢٠٠١)، العدالة كانصاف، ت: حيدر حاج اسماعيل، منظمة العربية لترجمة، ط١، بيروت.

٥.   حسين محمود زمال(٢٠١٨) فلسفة الدولة، منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الأولى.

٦.   حيدر باسم محمد(٢٠٢١) مبدأ فصل السلطات في التشريع العراقي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة الموصل / كلية الحقوق.

٧.   حيدر مهدي حداوي الخزرجي(٢٠٢٢)، التعاون والتوازن بين السلطة المركزية والمحلية( دراسة مقارنة)، أطروحة دكتوراه، جمهورية العراق وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة كربالء كلية الق انون الدراسات العليا الفرع العام.

٨.   دبوز مريم(٢٠١٤) دور العدالة الدستورية في نباء دولة القانون، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح، كلية الحقوق والعلوم السياسية.

٩.   ديفيد جونستون، م: مصطفى ناصر (٢٠١٢)، مختصر تاريخ العدالة، عالم المعريفة، كويت.

١٠.   زانا رؤوف جمة كريم(٢٠١٩) رهانات العدالة الدستورية في العراق دراسة تحليلية، ٧(٢)، دراسات قانونية و سياسية، جامعة السليمانية.

١١.   زواقري الطاهر و بن بوعبد االله نورة(٢٠١٤) العدالة الدستورية ضمانة للفصل بين السلطات وتوازنها، بحث منشور في مجلة كلية الحقوق والعليوم السياسية، جامعة خنشلة، الجزائر العدد الأول.

١٢.   سردار ملا عزيز (٢٠٢٣) تحديات العدالة الدستورية في الأنظمة الفدرالية، أطروحة الدكتوراه، جامعة السليمانية – كلية القانون- سليمانية

١٣.   سلام صالح خميس(٢٠٢٤) دور المحكمة الاتحادية العليا في ارساء العدالة الدستورية في العراق، Al-Hiqouq, Volume , Issue 48, Pages 537-558

١٤. سوران على حسن(٢٠١٧) التنظيم القانونى للوحدات الفدرالية فى العراق، ط١، مركز ژير، كوردستان.

١٥. صالح أحمد الفرجاني(٢٠١٤) مبدأ الفصل بين السلطات وتطبيقاته، مجلة العلوم الشرعية والقانونية، مجلة علمية محكمة تصدرها كلية القانون بالخمس، جامعة المرقب، العدد الأول.

١٦. ضياء نجم علي جديع(٢٠٢٢) مبدأ الفصل بين السلطات وتطبيقاته في النظم المعاصرة دراسة مقارنة، Journal of The Iraqi University 55(2).

١٧. عاصم خليل، نوار بدير(٢٠١٥) دور المحاكم الدستورية والمحاكم العليا في تحديد ملامح الحق في الخصوصية وضمان احترامه من قبل باقي سلطات الدولة، تم النشر في مجلة كلية القانون الكويتية العالمية، مجلد ١، السنة الثالثة، العدد ٩، ص. ١٣٣-١٧٣.

١٨. عبدالغفور علي غفور و شفان أحمد عبدالقادر(٢٠١٨) المفهوم القانوني والسياسي للفدرالية .. والتوزيع العادل للاختصاصات، مجلة قەلاى زانست العلمية مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق المجلد(٣) – العدد (١) .

١٩. علي محسن مهدي(٢٠٢١) مفهوم مبدأ الفصل بين السلطات ونشأته، المجلة العلمية لألكاديمية العربية في الدنمارك ـ العدد ٢

٢٠. عليان بوزيان(٢٠١٣) القيمة الدستورية لمبدأ العدالة الاجتماعية والحماية القضائية له، الأكاديمية للدراسات الاجتماعية والإنسانية، كلية الحقوق جامعة تيارت، جوان، العدد.(10)

٢١. عمار سليم- ديانا عبد الحسن- ظاهر محسن (٢٠١٩) العدلة الاجتماعية: معوقاتها و سبل تحقيقها في المجتمع العراق، مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية، المجلد(٢٧) العدد(٥).

٢٢. عمار ماهر عبد الحسن و أحمد علي عبود الخفاجي(٢٠١٨)، اختصاص المحكمة العليا فى الرقابة، محلة معين، العدد الأول.

٢٣. عوض الليمون (٢٠١٦) الوجيز في النظم السياسية و مباديء القانون الدستوري، دار وائل للنشر، ط٢، عمان.

٢٤. فيصل شلال عباس(٢٠٢٠-٢٠١٩) مبادئ ومفاهيم حقوق الانسان والديمقراطية والحرية، وزارة التعليم العالي-جامعة بغداد- كلية التربية للعلوم الصرفة – ابن الهيثم- قسم الرياضيات.

٢٥. مجدوب عبد الحليم(٢٠٢٢) مبدأ الفصل بين السلطات ودوره في حماية حقوق وحريات الأفراد، مجلة دفاتر الحقوق و العلوم السياسية، المجلد -٠٢- العدد ١.

٢٦. محمد الجرجاني(٢٠٠٤) معجم التعريفات، دار الفضيلة للنشر، القاهرة.

٢٧. محمد عثمان محمود(٢٠١٤) العدالة الدستورية الاجتماعية فى الفكر اليبرالى السياسى المعاصر(بحث فى نموذج راولز)، المركز العربي للابحاث و دراسات السياسية، ط ١، بيروت – لبنان.

٢٨. منذر الشاوي(١٩٨١) القانون الدستورى- نظرية الدستورى، الدار القادسية للثقافة، بغداد

٢٩. منذر الشاوي(٢٠١٦) الانسان و العدالة، دار الكتب و الوثائق، الطبعة الأولى، بغداد.

٣٠. نابي عبد القادر و خنفوسي عبد العزيز(٢٠٢٢)، دور مبدأ التوازن بين السلطات في ضمان بناء دولة القانون، المجلة الأفريقية للدراسات القانونية والسياسية، جامعة أحمد دراية، ادرار– الجزائر، المجلد ٦، العدد ١.

٣١. هشام جليل إبراهيم الزبيدي (٢٠١٢ ) مبدأ الفصل بين السلطات وعلاقته باستقلال القضاء في العراق ((دراسة مقارنة))، رسالة الماجستير، كلية الحقوق- جامعة النهرين، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جمهورية العراق.

٣٢. هند مالك حسن و اسعد طارش عبد الرضا(٢٠٢٠) العدالة الانتقائية دراسة في المفهوم والآليات، مجلة العلوم السياسية – العدد (٥٩)، كلية العلوم السياسية / جامعة بغداد

٣٣. هيفا رازى البياتى(٢٠٢٢)، حماية القضاء الدستوري لمبدء العدالة دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ انموذجا، مجلة المعهد، العدد ٨، جامعة النهرين.

٦.٣ دەستوور و یاساکان و بڕیارەکان :

١. دستور العراق لسنة ٢٠٠٥.

٢. Brown v. Board of Education of Topeka, 347 U.S. 483 (1954) https://www.archives.gov/milestone-documents/brown-v-board-of-education [Accessed 8 March 2025].

٦.٤ بە زمانی ئینگلیزی:

١. Anca-Florina Morostes & Narcisa –Mihaela Stoicuj(2017) CONSTITUTIONAL JUSTICE, Journal of legal studies Volume 19 Issue 33/ ISSN 2457-9017.

٢. Cappelletti, Mauro (1985). Repudiating Montesquieu the expansion and legitimacy of constitutional justice. Catholic University Law Review, 35(1), 1-32

٣. Erwin Chemerinsky)2020) Constitutional Law, Sixth Edition, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data, New York.

٤. Italian Constitutional Court. (n.d.) 'The Italian Constitutional Court'. Available at:https://www.cortecostituzionale.it/jsp/consulta/istituzioni/introduzione_EN.do (Accessed: 8 March 2025).

٥. John Rawls, A theory of justice, Harvard university press, Cambrdge.1971, P118.

٦. Julio Rios Figueroa (2010) Institutions for Constitutional Justice in Latin America.

٧. Karsten Jonsen Ahu Tatli - Mustafa F. Ozbilgin - Joerg Dietz)2014(, Equal opportunity, weom060073, V(6)VI.

٨. Karsten Jonsen Ahu Tatli - Mustafa F. Ozbilgin - Joerg Dietz)2014(, Equal opportunity, weom060073, V(6)VI.

٩. Mauro Cappelletti (1985). Repudiating Montesquieu the expansion and legitimacy of constitutional justice. Catholic University Law Review, 35(1), 1-32

١٠. Christopher, Ides, Allan and Grossi, Simona(2016) Constitutional law May, national power and federalism, Seventh edition, New York: Wolters Kluwer.

١١. Mona Khechen)2013(, Social justice, ESCWA, New York.

١٢. Monti, Matteo (2022) Comparative constitutional justice, Liverpool Law Review, 43(1), 123-128.

١٣. Oxford English Dictionary (2023). Justice. Oxford: Oxford University Press. Available at: https://www.oed.com [Accessed 7 March 2025].

١٤. Paula L. Abrams(2012) Lewis Constitutional Interpretation and Globalization, chapter 2 Clark Law School Portland, Oregon.

١٥. Perelman, Chaim(1980), JUSTICE, LAW, AND ARGUMENT, Synthese library, volume 142, USA.

١٦. Peter Haberle)2010(, Role And Impact of Constitutional Courts In A Comparative Perspective, University of Bayreuth, USA.

١٧. Plato (2013) The republic, Translated by: Benjamin Jowett, Mosco, Roman Roads Medea.

١٨. Ronald l watts(non), models of federal power sharing, forum of federation, Canda.

١٩. SANAM NARAGHI ANDERLINI, CAMILLE PAMPELL CONAWAY AND LISA KAYS(2005) Transitional Justice and Reconciliation, INCLUSIVE SECURIY, translated by: Ahmad aysha, HARMOON

٢٠. Vincent, N. (2017) Magna Carta: A foundation of freedom 1215-2015. London: Third Millennium Publishing.

# فكرة العدالة الدستورية في الانظمة الفيدرالية

ملخص

تاريخ فكرة العدالة يعود إلى الحضارات القديمة، لكن مفهوم العدالة الدستورية في العصر الحديث له أهمية كبيرة، لأن الدستور المكتوب يعتبر الأساس لتحديد توفر الحقوق. لذلك يسعى المشرعون الدستوريون إلى الكمال في جعل الدستور أداة لتوفير هذا المفهوم. وتكمن أهمية هذا البحث في الكشف عن مفهوم العدالة الدستورية، وكذلك موقعها المهم في النظام الفيدرالي، لأن العدالة الدستورية ترتبط بهدف بعيد وواسع. لهذا الغرض اعتمدنا على المنهج التحليلي لتحليل أفكار وآراء الفقه الدستوري والنصوص الدستورية، بهدف تحديد مفهوم العدالة الدستورية وموقعها في الظهور ضمن النظام الفيدرالي، حيث يجسد الدستور ذلك الهدف الأسمى للعدالة في ذاته ويظهر أنه أكثر عمومية وأوسع من هدف العدالة في القوانين العادية. كما يظهر أن المشرع الدستوري هو المصمم الأول للعدالة داخل الدستور، وأن المحكمة الدستورية ليست المنفذ الوحيد للعدالة الدستورية. وبذلك فإن العدالة الدستورية ليست مجرد مؤسسة، بل عملية للرفاهية في المجتمع، خاصة في الدور الذي تلعبه في الأنظمة الفيدرالية.

الكلمات المفتاحية: العدالة الدستورية، المحكمة الدستورية، الدستور، الفيدرالية، الحقوق والحريات، المشرع الدستوري.